ئایندە

گۆڤاریّکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە
بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (٤)، ساڵی سێیەم
زستانی ٢٠٢٢ز، ١٤٤٣ك، ٢٧٢١ کوردی

دیاردەی

کۆچ بۆ هەندەران

هۆکار و چارەسەر

کۆچ لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە

کۆچی گەنجان و قسەیەک

مەراسیمی وەفا بۆ کۆچی دوایی سەلام ناوخۆش

ئایندە

گۆڤاریّکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (٤)، زستانی ٢٠٢٢ ز - ١٤٤٣ ك - ٢٧٢١ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

ڕێکان تەحسین سالّەیی

(Rikan.tahseen@gmail.com - 07507264864)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

بەڕێوەبەری هونەری

رابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی هیدایەت جەمال قەرەداغی هەردی ئەنوەر

ڕاوێژکاران

پ.ی.د. عوسمان عەلی د. عبدالرحمن صالح میران

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی عەلی ئیبراهیم حەسەن

AyndaCenter2012@gmail.com

هەولێر، کورانی عەنکاوە، نزیك مزگەوتی حاجی یاسین

دیزاینی ناوە و بەرگ: بەڕێوەبەری هونەری

ناوەرۆك

سەروتار	٤
كۆچ لە ڕەهەندە جیاوازەكانەوە	٦
كۆچ و جۆرەكانی	١٤
هۆكاری كۆچ بۆ هەندەران و ڕۆڵی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی	٢٣
چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز پ.ی.د. عبدالباری مجید المدرس	٢٩
كۆچی گەنجان و قسەیەك	٣٤
هۆكارە سەرەكییەكانی كۆچی هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان بۆ هەندەران	٤١
چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز بەكر عەلی	٤٨
دیاردەی كۆچ و كاریگەری و لێكەوتەكانی	٥٣
پرسگەكانی خوێندنەوەی ئایندە	٦٢
دیدگای ژان پۆل سارتەر بۆ ئازادی	٨٤
مەراسیمی وەفا بۆ كۆچی پ.ی.م. سەلام ناوخۆش	٨٨
مەرجەكانی بڵاوكردنەوە لە گۆڤاری ئایندە	٩٧

نووسینەكان گوزارشت لە ڕای خاوەنەكانیان دەكەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

دیاردەی کۆچ بۆ هەندەران..
هۆکار و چارەسەر

دیاردەی کۆچ

سەروتار

سەرنووسەر

ئەگەرچی کۆچ دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام کۆچ لە کوردستانەوە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی دیتکەی جیهان، جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، دیارە کۆچی کوردان بەو لێشاوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بینیمان هۆکارگەلی خۆی هەیە و، بەهۆی چارەسەر نەکرانی هۆکارەکان بەردەوام بووە و بەداخەوە بە زیانی گیانی سەدان هاوڵاتی کوردستان تەواو بووە، لەو نێوەشدا گروپ و مافیاکانی بە قاچاغبردنی مرۆڤەکان بازاڕی خۆیان گەرم دەکەن و بەهۆیەوە سەدان کەس دەبنە قوربانی، ئەوانیتریش لە دەریاکان دەخنکێن و بەشێکیان تەرمەکانیشیان نادۆزرێتەوە، ئەو هاوڵاتیانەش کە دەربازیان دەبێت تووشی زۆر کێشە دەبن لەو وڵاتانەی پەنایان بۆ دەبەن.

وێڕای بوونی چەندین دیاردەی دیکەی نامۆی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، لە شێوەی تاوانی رێکخراو، دزی و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، کوشتن،

لەشفرۆشی و لەشکرێین، یاسا شکێنی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ....هتد، دیاردەی کۆچیش بە تایبەت کۆچی گەنجان بۆ هەندەران و جێهێشتنی خاک و نیشتیمان بۆتە کێشەیەکی گەورە و پێویستی بە رێگە چارەی بە پەلە و نەخشە و پلانی درێژ خایەنی حکومی هەیە..

وەک بەشێک لە خەمخۆری و، بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ئەم دیاردەیە، تەوەری سەرەکی ئەمجارەی گۆڤاری (ئایندە)مان تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لەبارەی کۆچ بۆ هەندەران و گەڕان بە دوای هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی چارەسەرەکان.

بەسوپاسەوە کۆمەڵێک نووسەر و خاوەن قەڵەم و کەسانی پەیوەندیدار بە پرسی کۆچ بەشداریان لەم تەوەرەدا کردووە.

بەو هیوایە توانیبێتمان خزمەتێک پێشکەش بکەین و هەموومان بەئاراستەی چارەسەردا هەنگاو بنێین.

کۆچ لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە

ئاسۆی ژیاندۆست/ لەندەن

(١)

کۆچ بۆخۆی دیاردەیەیەکی مێژوویی و جیهانییە. تا بۆ دواوە بگەڕێیتەوە بەرکەوتە (سیاسی و دینی و ئابوورییەکانی) دەبینیت. سەرەڕای هەندێ دیاردەی سروشتی و جوگرافی کەم تا زۆر نەخشی هەبووە.

لەوانەیە چەمکی سیاسەت بە گشتی بۆ خۆی گەورەترین نەخشی بووبێت لەسەر کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵ، لە ئەنجامی ستەم و داگیرکاری کۆمەڵگا شڵەقاوە و مەجبوری کۆچ بووە لە دەوروبەری خۆمان دەیان نمونەی زیندوو هەیە لە ئەنجامی شەڕ و داگیرکاریەوە هاتۆتە ئاراوە.

کۆچی خەڵکی هەڵەبجە لە ١٩٨٨، کۆڕەوی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، داگیرکاریەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوا، پەلامار و داگیرکاری داعش لە ٢٠١٤ و دەیان نمونەی تر بەسە کە خۆمان بینیومانە. یا داگیرکردنی قوبرس لە ١٩٧٤لە لایەن تورکیاوە چ شەڕ و ماڵوێرانیەکی لێکەوتەوە ئێستاشی پێوەبێت دوای نزیکی پەنجا ساڵ قوبرسیەکانی باکوری قوبرس ئاوارە و کۆچبەرن، لە بەریتانیا و زۆر شۆێنیتری دنیا هەموو ئەمانە لە فیکر و خایاڵماندا زیندووە.

ئەمانە سەرجەمیان بە هۆی داگیرکاری و ستەمکاریەوە بووە.

مرۆڤ کاتێک هەست بە سەلامەتی ناکات و ناعەدالەتی باڵای هەڵدەکشێت و جیاوازی نێوان چینەکان فراون دەبێت! بۆیە کۆچ و جێهێشتن بە چارەسەر دەزانێ

مرۆڤیش بە گشتی بەدوای ژیانێکی سەلامەت و ئارامەوەیە و هەمیشە دەڕوا بە دوای ئەو ئارامیی و سەلامەتییەدا.

بۆیە چەمکی کۆچ ئەوەندە فراوان و ئاڵۆز و مێژوویییە، دەکرێت زۆری لەسەر بڵێین و ئاسانیش نییە لێی دەرچین!

(٢)

گەنجان لە کوردستان و لە عێراقیش بۆ فورسەتێک دەگەڕێن تا جێی بهێڵن.

مرۆڤ کاتێک هەست بە سەلامەتی ناکات و ناعەدالەتی باڵای هەڵدەکشێت و جیاوازی نێوان چینەکان فراون دەبێت ! بۆیە کۆچ و جێهێشتن بە چارەسەر دەزانێ تا هیچ نەبێت ڕۆژانە بەر ئەو هەمو ناشیرینی و نادادیە نەکەوێت !

لە کوردستاندا جیاوازیەکان ئەوەندە زۆرن مرۆڤ تەحەمولی قبوڵکردنی ناکات. کوردستان بۆ چینێکی کەم کە دەکرێت بی خەملێنی بە لە سەدا دە، بەهەشتە، بۆ بەشی زۆریشی سەختی و نادادی و ناجێگیریە بۆیە بەردەوام کاروانی کۆچکردن لە بەرەودایەوە و، خامۆش نابێتەوە و بەردەوام گەنجەکان خۆیان دەدەنە دەست قەدەری چارەنووسێکی نادیار.

(٣)

هۆکاری سەرەکی نادادی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەیە، سەروەت و سامانێکی زۆر لە کوردستاندا بەردەستە، بەڵام بۆ خەڵک نیە.

کوردستان نەبەسیستەم دەڕوات و نە کەس کار بۆ بەسیستمکردنی دەکات، بۆیە مرۆڤ ماندوو دەبێت لەو هەموو بەرکەوتنە نا تەندروستە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەوە!

لە کوێی دنیادا بووە باسی مافی خۆت بکەیت شەش ساڵ حوکمی زیندانیت بەسەردا بسەپێت،

لەکوێی دنیا بووە باسی ئازادی و گەندەڵی بکەیت تیرۆر بکرێیت؟!

ئاخر گەنج دڵی بەچی خۆش بێت خۆ لە خۆشیا نیە خۆی ئەخاتە بەردەم شەپۆلەکانی دەریای ئیجە تا لەم حکومەت و دەسەڵاتە دوورکەوێتەوە.

بەس لە کوردستاندا بینیومە جوتیار و شوان وڵات جێبهێڵن، تۆ ئەزانی ئەو دوو جۆرە لە مرۆڤ چەن وابەستەی خاکن چ عەشقێکیان هەیە بۆ وڵات و بۆ دار و بەردی نیشتیمان ؟!!

تۆ دەزانی ئەوانیش وڵات جێدەهێڵن ؟!!

(٤)

زەرەری کۆچ لە چی دایە؟

زەرەری کۆچ ئەوەیە مەیدان چۆڵ دەکەی تا ستەمکاری درێژە بەستەم بدات، تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەم هەموو گەنجە بەیەکەوە نارەزایەتیان دەربڕیایە و مەیدانیان چۆڵ نەکردایە بزانە دەسەڵاتیان چۆن مەجبور دەکرد دان بە ماف و پێویستیەکانیانا بێنێت.

دەکرێت لەگۆشەی جیاوازەوە خۆێندنەوە بۆ کۆچ بکەین. بەداخەوە زۆربەی کۆچەکانی ئێستا هۆکاری سەرەکی خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتی سیاسیە لە وڵاتە جیاوازەکاندا

زۆر جار ئەم کۆچکردنانە بەقازانجی دەسەڵات دەکەوێتەوە و ملهوڕی وستەمکاری دڕێژە پێدەدات.

(٥)

کۆچ دەکرێت خۆ قوتار کردن بێت لەمەرگ وەک کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ و هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ و زۆری تریش.

یان لە ئەنجامی نەهامەتی و برسێتی کە ئەمیش بۆ باشکردنی بژێوی ژیانە.

یان لەدەست زوڵم و زۆرە.

سەرئەنجام هەمووی بۆ ئەوەیە مرۆڤ بە دوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێت.

(٦)

مەنفەزی کۆچکردن لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیاتر کراوەتەوە، دەنا پێشتر ئەوەندە سەخت بووە کەمو کورت مرۆڤی کورد قوتاری بووە.

بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ ئەو دەرفەتە دروست بووە و ئەو شەپۆلی کۆچ کردنە تا ئێستاش بەردەوامە. گەرچی تا ئێستا هەزاران گەنجی کورد لەم ڕێگایەدا بوونە بە قوربانی، بەڵام هیچ هێزێک نەیتوانیوە بەر بەم شەپۆلی کۆچکردنە بگرێت.

(٧)

دەکرێت لەگۆشەی جیاوازەوە خۆێندنەوە بۆ کۆچ بکەین. بەداخەوە زۆربەی کۆچەکانی ئێستا هۆکاری سەرەکی خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتی سیاسیە لە وڵاتە جیاوازەکاندا، ئەو کوردستانەی گەنجەکانی لێی ڕادەکەن خۆی هەزاران کەس کۆچی بۆ کردووە بەهۆکاری سیاسی جیاوازی ناوچەکە.

ئەم خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە لە دنیادا مرۆڤی خستۆتە بەردەم لێشاوی

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا وەک ڕێکخراوێکی مەیدانی و گرینگ هەمیشە لە پشت پەنابەران بووە و بەهەزاران پەنابەر ئامۆژگاری لەم ڕێکخراوە وەرگرتووە

کۆچی گەورەوە، بۆنمونە:

خەڵکێکی زۆر ئێران جێدێڵێت بەهۆی سیستەمی سیاسیەوە لە هەمانکاتدا هەزاران کەس کۆچی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی لێی بحەوێنەوە، نمونەش ئەفغانیەکی زۆری تیایە. پاکستان بە هەمان شێوە. بەنگلادیش و کینیا و تورکیا و دەیان وڵاتی تر پڕن لە کەمپی کۆچبەران.

ئەمساڵ بەهۆی شەپۆلی کۆچی بەکۆمەڵەوە لە ئەنجامی ئاڵۆزیەکانی نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و بیلاڕوسیاوە هەزاران کۆچبەر خۆیان گەیاندە وڵاتانی (لیتوانیا و لاتڤیا) کە پێشتر هەرگیز شەپۆلی پەنابەری وایان بە خۆیانەوە نەدیوە. چونکە هاوسنوری بیلاڕوسیا بوون و تێپەڕاندنی سنوور ئاسان بوو، بۆیە کۆچبەرێکی زۆر ئێستاشی پێوەبێت گیریان خواردووە.

سەرەڕای ئەو هەموو کۆچبەرەی سنووری بیلاڕوسیا و پۆلۆنیا.

بۆیە تا ئەم ناداڵیە لەدنیا و لە کوردستاندا هەبێت هەر ڕۆژەی وڵاتێک دەکەوێتە بەرشەپۆلی کۆچبەرانەوە.

دیوە مرۆییەکەی بەپێی ڕێکەوتنامەی جنێف بۆ مافەکانی مرۆڤ دوای شەڕی جیهانی دووهەم لە ١٩٤٥ بەدواوە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەر کەسێک ژیانی لە خەتەردا بێت و بەهەردەلیلێکی(سیاسی، ئاینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و.....) حەقی ئەوەی هەیە ئەو وڵاتە جێبهێڵێت

و مافی مانەوەی یا (پەنابەری) لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا وەرگرێت بۆ سەلامەتی ژیانی.

(٨)

بێگومان بەرپرسیار لە کۆچی کوردان دەسەڵاتە، خراپی حوکمڕانیە، نادادی و ستەمکاریە، دەنا کەس شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی جێناهێڵێت، چونکە نیشتیمان خۆشەویستیەکی تایبەتی هەیە، بەس ئەم دەسەڵاتە خاک و نیشتیمانی وا ناشیرین کردووە مرۆڤ لێی ڕادەکات، وای لە مرۆڤ کردووە خەونی نەمێنێ و تووشی بێ ئومێدی وڕووخانی کردووە !

(٩)

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە ٢٥ ساڵی ڕابردووداوەک ڕێکخراوێکی مەیدانی و گرینگ هەمیشە لە پشت پەنابەران بووە و بەهەزاران پەنابەر ئامۆژگاری لەم ڕێکخراوە وەرگرتووە و دەیان دیداری تایبەتی لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پەنابەرانەوە کردووە لە وەزارەت و وەزیرەکانەوە بیگرە تا ئەندام پەرلەمان و ڕێکخراو و محامی و دادگاکان بۆ باشترکردنی ژیانی پەنابەران و هەزاران بەڵگەمان لەبەردەستە، هەروەها سەدان خۆپیشاندانمان کردووە، دەیان مەیتخانە گەڕاوین بەدوای تەرمی پەنابەراندا و، لە دەیان دادگا بەشدار بووینە و، سەدان

کەی دەسەڵاتێکی دادپەروەر هەبوو، کەی ئازادی و ئاسایش هەبوو، کەی کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بوو، ئەوکاتە کۆچ بۆخۆی تەواو دەبێت

کەمپمان بەسەرکردۆتەوە و، دەیان محامی باشمان بۆ پەنابەران گرتووە..

کارەکان هێندە زۆرن ئاوا ئاسان باسناکرێن..

سەرەڕای سەدان بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی.

هەرخۆمان دووساڵ بەردەوام بەرنامەی تەلەفیزیۆنیمان هەبووە لەسەر پەنابەران.

بۆیە شت زۆرە بوترێت با لێرە ڕایگرم.

(١٠)

پەنابەران بەگشتی ڕۆتیناتی خۆیان وەردەگرن لەو وڵاتانەی تیایدا دەمێننەوە.

بەڵام ئەم لێشاوە تازەیە هێشتا ئایندەیان دیار نییە بەدەقیقی، ئەوانەی لە وڵاتی لیتوانیان کە زۆربەی عێراقی و کوردن بەگشتیش ٤٦٠٠ کەسن هەموو ڕەفزیان دەدەنێ و زەختی زۆریان لێدەکەن ئارەزوومەندانە بگەڕێنەوە، ئەوانەی وڵاتی لاتڤیاش لەمان زۆر باشتر نین.

وەجبەیەکی زۆریش هێشتا لە بەلاڕوسیا گیریان خواردووە.

جا باسی ئەو لێشاوە زۆرەی ڕوویکردۆتە بەریتانیا هەر ناکرێت، چونکە بۆتە کێشە بۆ حوکمەت و بەردەوام بەدوای ڕێگا چارەێکا دەگەڕێن.

(١١)

بەڵام سەبارەت بەوەی چی بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچکردنی خەڵکی بۆ هەندەران، دەڵێم: سەختە ڕێگرتن لە کۆچ بەداخەوە. دنیا ڕۆژ بە ڕۆژ نائارامتر دەبێت، بۆیە کۆچیش زۆرتر دەبێت.

ئەم حەقیقەتە کوردستانیش دەگرێتەوە، کەس خەمی ئەم

وڵاتەی نیە، کەس دڵسۆز نیە تا ژیانی مرۆڤی کوردی بۆ گرینگ بێت و ڕێ لەکۆچکردنی بگرێت!

دەتوانم بڵێم: کەی دەسەڵاتێکی دادپەروەر هەبوو، کەی ئازادی و ئاسایش هەبوو، کەی کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بوو، ئەوکاتە کۆچ بۆخۆی تەواو دەبێت.

پرۆفایل:

ئاسۆ گۆران ناسراو بە (ئاسۆی ژیاندۆست)

* ١٩٧٢ لە گوندی تەوەکەڵ لە ناحیەی ئاغجەلەر لەدایک بووە.

* ٢٤ ساڵە لە ئەورۆپا دەژیت و لە سەرەتای ژیانی تاراوگەوە هەڵسوڕاوی پەنابەریە.

*ئەندامی سکرتاریەتی سەرتاسەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقیە.

* سەرەتا لە یۆنان و ١٠ ساڵ لە سوید و ١٣ ساڵیشە لە بەریتانیا لەم مەیدانەدا بەردەوامە.

* لە ٢٠٠٨ وە بۆ ماوەی دووساڵ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تایبەت بوو لەسەر پەنابەران لە ئاسۆ تیڤی.

* دەیان نووسین و چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامەوانی لەسەر ئەم مەیدانە هەیە.

* سێ جار لە سوید لەگەڵ وەزیری پەنابەراندا دانیشتنی هەبووە و لەگەڵ وەزیری سێ حکومەتی جیاواز و لەسەر پەنابەران گفتوگۆیان کردووە.

* ئێستا لە لەندەن دەژیت.

کۆچ و جۆرەکانی

د. سەید ئەحمەد پێنجوێنی

یەکەم: کۆچ، وەکو ڕووداوێکی گەردوونی نێو زیندەوەران:

کاتێ هەندێك سەرنج بدەین لە ژیان و یاسای بوونەوەر و، دروستکراوانی تری بێجگە لە مرۆڤ، لە گیانداران، لەو ڕاستییە مەزنە حاشا هەڵنەگرە تێدەگەین، کە دیاردەی کۆچکردن، بە تەنها وابەستە نییە بە جیهانی مرۆڤەکانەوە، بەڵکو ئەم دیاردەیە لە نێو دروستکراوەکانی تریشدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەربڵاو، بوونێکی واقیعی هەیە؛ تا ئەو ئەندازەیەی کە ژیان بەبێ بوونی کۆچ بۆ ئەوانیش مەحاڵ و، حاڵەتێکی نەگونجاو و نەخوازراوە!

واتە: ئەگەر کۆچ لە ژیانی گیانلەبەران دەر بکرێ، یان ڕێگرییان لێ بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە، ژیان بە مانا فراوانەکەی لەسەر گۆی زەوی نامێنێ و، کۆتایی دێت! چونکە ژیانی مرۆڤ و گیاندارانی تر و، هەموو بوونەوەر بە گشتی پێکەوە بەستراون و، مەحاڵیشە ژیان و گوزەران بەبێ یەکتری..

لێرەوە لەو ڕاستیە تێدەگەین کە: (کۆچ) بریتییە لەو جموجوڵە بەردەوامەی، کە وزەو بزاڤ و زیندوویەتی و، نەشونما کە مانا بە ژیان دەدات، لەسەر گۆی ئەم زەویەداو بەزیندوویی ڕایدەگرێت و، لە مردن و لەناوچوون و چەقبەستوویی ڕزگاری دەکات، بەڵێ! ئەگەر سەرنجی کۆچی بەکۆمەڵی: (ئاژەڵەگەورەکان- بچووکەکان

- باڵندەکان - خشۆکەکان - زیندەوەرانی ناو زەریا و دەریاو ئۆقیانووسەکان) بدەین، باشتر و، زانستییانەتر ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەکەوێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

* **کۆچی باڵندەکان:** بریتییە لەو کۆچە بە کۆمەڵە وەرزییە دوور و درێژەی کە باڵندەکان، بە ژمارەیەکی زۆر و بێ شومار لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکیتری دیاری کراو ئەنجامی ئەدەن؛ تا دەگەنە شوێنی مەبەست، کە ساڵانە لە کاتی دیاریکراودا، دووبارە دەبێتەوە!

هەندێکیتریان بەردەوام دەبن لە فڕین و کۆچکردن بە ئاسماندا بۆ ماوەی سەد سەعات بە بەردەوامی و بەبێ نان و ئاو، بەبێ پشوودان!

ئەم باڵندانە - پێش دەستپێکردنی گەشتەکەیان - جۆرە خواردنێك دەخۆن کە ڕێژەی چەوری زۆری تێدایە، تاکو بەرگەی ناڕەحەتی ڕێگاکە بگرن!

***کۆچی ماسییەکان:** ماسییەکانیش بەهەمان شێوەی باڵندەکان، لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیاندا بە پێی پێویستی سروشتی ژیانیان، کۆچ دەکەن.. ماسییەکان لەم پێناوەدا هەزاران میل دەبڕن لە دەریا و زەریا و ئۆقیانووسەکاندا، وە ئەمانیش بۆ مەبەستی دانانی گەرا و زاوزێ کردن و، دانانی هێلکە و گەڕان بە شوێن بەردەوامبوونی هۆکارەکانی ژیانیاندا، ئەم کۆچە هەزاران میلە ئەنجام دەدەن.

*** کۆچی ئاژەڵان:** بێگومان ئاژەڵە چوارپێکانیش - بەبێ جیاوازی ناو و، سروشتی پێکهاتەی خۆیانەوە، ساڵانە بە شداردەبن لەم کۆچە و گەشتە بە کۆمەڵە و، بە هەزاران و، ملیۆنانیان، لە جێگەیەکی دیاریکراوەوە، کۆچ بۆ ئەم جێگا

و شوێنانه ده‌كه‌ن، كه ژیانی باشتر و شایسته‌تری لێیه بۆیان.. كۆچی به‌كۆمه‌ڵـــی:- كـه‌ره‌وه‌حشیه‌كان – فیله‌كان – شـــێر و پڵنگه‌كان – درِنده و گۆشتخۆره‌كان – ئاسك و كه‌متیار..) باشـــترین به‌ڵگه‌ن ده‌رباره‌ی ئه‌م جـــۆره كۆچه له نێوان ئاژه‌ڵه‌كاندا..

*** كۆچی خشۆكه و مێرووه‌كان:** خشـــۆك و مێـــروو‌ه‌كـــان، به‌و زینده‌وه‌رانه ده‌ڵێن كـــه له ڕووی قه‌باره و ئه‌ندازه زۆر بچووكـــن و، له كون و، كه‌له‌به‌ری ژێر زه‌ویدا ده‌ژین. ئه‌مـــانیش جیـــهانێكی سه‌ربه‌خۆن لـــه ناو به‌دیهێنراوانی خوادا، یاســـا و ڕێسای تایبه‌ت به خۆیان هـــه‌یه. ئه‌مانیش هه‌مان یاســـای (كۆچ) له ژیانی خۆیاندا ڕه‌چاو ئه‌كه‌ن..

*** كۆچ و جموجووڵی ئه‌ستێره و هه‌ســـاره‌كان:** گـــه‌ر سه‌رنجی قورئانی پـــیرۆز بـــده‌ین، لـــه‌و ڕاستییه زانستییه حاشاهه‌ڵنه‌گره حاڵیمان ده‌كات، كه ته‌نانه‌ت له غه‌یـــری مـــرۆڤ و، گیانله‌به‌ر و ماسی و مێـــروو و خشۆكه‌كان.. جیهانێكی تریش له به‌دیهێنراوانن، كـــه ئه‌ستێـــره و هه‌ساره‌كـــانن، به‌رده‌وام له جووڵه و ڕۆیشتندان و، وه‌ســـتان به‌شـــێـــك نـــیه له سروشتیان.. بۆیه قورئانی پیرۆز له‌م باره‌وه ده‌فه‌رمه‌وێت: ﴿وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ﴾ النمل: ٨٨.

واته: كاتێك سه‌رنجی چیاكان ده‌ده‌یت، وا ده‌زانیت كه وه‌ستاون و، ناگـــه‌ڕێن، بـــه‌ڵام لـــه ڕاستیدا به‌وێنه‌ی ڕۆیشتنی په‌ڵه هه‌وره‌كان ئه‌وانیش له گـــه‌ڕاندان! بێگومان ئه‌مه ده‌ستكردی ئه‌و خوایه‌یه كه جوانكاری و ڕێكسازی له هه‌موو شتـــێكـــدا كـــردووه.. یـــان ده‌فه‌رمه‌وێـــت: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ۝٣٨ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ

جۆرێك كۆچ به جەسته و لاشه دەكرێت، هەروەك پێغەمبەر و هاوەڵانیان، یان پێغەمبەران له سەردەمی خۆیاندا ئەنجامیانداوە، یان گەورە پیاوی چاكسازی وەكو: (ذو القرنین) پێی هەڵساوە، بۆ ڕزگاركردنی گەلانی دواكەوتوو

عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾) یاسین: ٣٨-٤٠.

دووەم: جۆرەكانی كۆچ:

زانایانی ئیسلام - بەڕەحمەت بن - شتی زۆر و جوانیان لەم بارەوە نووسیوە، بەڵام لە نێوانیاندا زانای مەزن و عارفی ڕاستەقینە: (ابن القيم الجوزية) دەفەرموێت: كۆچكردن دوو جۆرە:

یەكەمیان: كۆچكردنە بۆ لای خوای مەزن، بە نزاكردن و داواكردن و خۆشەویستی و، بەندایەتی و، پشت پێ بەستن و، گەڕانەوە بۆ لای ئەو و، ملكەچبوون بۆ فەرمانەكانی و، لێترسان و، بە ئومێدبوون و، ڕاستگۆیی و، خۆبەهەژار زانین لە ئاست دەوڵەمەندی ئەودا... هەروەها كۆچكردن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش بە خۆڕازاندنەوە بەو هەڵسوكەوت و كردار و گوفتارانەی خۆیشەویست و، جێبەجێكردنی سوننەتەكانی...[1].

بەڵێ: ئەگەر لەڕووی واقیعییەوە، بە چاوێكی گشتگیر و فراوان سەرنجی هیجرەت بدەین، لەوە تێدەگەین كە: جۆرێك كۆچ بە جەستە و لاشە دەكرێت، هەروەك پێغەمبەر و هاوەڵانیان، یان پێغەمبەران لە سەردەمی خۆیاندا ئەنجامیانداوە، یان گەورە پیاوی چاكسازی وەكو: (ذو القرنین) پێی هەڵساوە، بۆ ڕزگاركردنی گەلانی دواكەوتوو.

جۆرێکی تر لە کۆچکردن بریتییە لە کۆچکردن و، دوورکەوتنە لە ژینگەی ژەنگاویی و خەڵکانی بێ باوەڕ و ستەمکار و دووڕووان

جۆرێکیتر لە کۆچ بە لایەنی فیکر و دڵ و رۆحی مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێت و، هەموو مسوڵمانێك دەتوانێت تیایدا بەشدار بێت لە هەر جێگایەکدا کە پێویست بێت، بۆ نموونە:

کۆچکردن لە گوناهـ و تاوان و خراپەکاریی، مەزنترین جۆری کۆچکردنە، کە بەندەکان لەبەر رەزامەندی خوای گەورە ئەنجامی ئەدەن.. بەڵکو ئەم جۆرە کۆچکردنەیە کە دەبێتە بەردی بناغەی کۆچکردن بە جەستە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لە پێناو سەرخستنی پەیامی خوادا، خۆشەویست (ﷺ) لەم بارەوە دەفەرموێت (الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ وَالْمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ مَا نَهَى اللَّهُ عَنْهُ)[٢].

جۆرێکی تر لە کۆچکردن بریتییە لە کۆچکردن و، دوورکەوتنە لە ژینگەی ژەنگاویی و خەڵکانی بێ باوەڕ و ستەمکار و دووڕووان، لە خۆیان و جێگە و کۆڕ و شوێنیان، هەروەك قورئانی پیرۆز لە سەرەتای دابەزینیدا ئامۆژگاری پێغەمبەر دەکات و پێی دەفەرموێت: (وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ) (المزمل: ١٠)، واتە: ئارامبگرە لە سەر ئەوەی کە بێ باوەڕەکان پێتدەڵێن، پاشان ئامۆژگاری بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی حوانیش لە خۆیان و کارو کردەوە و کۆڕەکانیان دووربکەوە.. هەروەك دەفەرموێت: (وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا ﴿١٠﴾) (المزمل: ١٠)، چیرۆکی أصحاب الکهف یش لەم بوارەدایە.

دوورکەوتنەوە و، کۆچکردن لە کەس وحیزب و کەناڵ و جێگە و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەمڕۆدا باشترین ڕێگەی کۆچە

بەڵێ؛ لەمڕۆدا مسوڵمانان لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بەم جۆرە کۆچە هەیە؛ چونکە هیچ کاتێ بەسەر مرۆڤایەتیشدا تێنەپەڕیوە بە درێژایی مێژوو، هێندەی ئێستا بێ باوەڕی و، خراپەکانی و گەندەڵی، بەهەموو جۆرەکانیەوە زۆر و بەربڵاو بێت کە بە ئاسانترین و خێراترین ڕێگە و لەچاوتروکانێکدا دەگاتە هەموو کەسێك لەم پەڕی جیهان، بۆ ئەو پەڕی جیهان!!

بەڕاستی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر دوژمنان و نەفامان بیروباوەڕی گەندەڵ و پووچی خۆیان دژ بە ئیسلام و مسوڵمانان بڵاو دەکەنەوە، گومانیان لەسەر ئاینەکەیان بۆ دروستدەکەن و، دژایەتیان دەکەن! هەر لەبەرنامەی ئیلحادی و، باسی هاوڕەگەزبازی و ماددەی هۆشبەر و، هەڵتەکاندنی خێزان و، دژایەتی فیترەت و هەموو شتێکی جوان و بەهایەکی باڵا، تاکو دژایەتی هەموو دەنگێکی ڕزگاری و، ئازادی خوازی لە سەرانسەری دونیادا، کەوابوو دوورکەوتنەوە و، کۆچکردن لە کەس وحیزب و کەناڵ و جێگە و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەمڕۆدا باشترین ڕێگەی کۆچە، کە مسوڵمانان بیگرنەبەر و، هەنگاوی بۆ بنێن.. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دوژمنان پشت گوێ بخرێن و، ساحەیان بۆ چۆڵبکرێ، تا بە ئارەزووی خۆیان چییان پێخۆشە لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان بیکەن، نەخێر؛ دەبێ کەسانی دڵسۆز و شارەزا و زانای ڕاستەقینە، خۆیان بۆ ئەم بوارە تەرخان بکەن و، بە شێوازی زانستیی و بەڵگەی زۆر بەهێزی دەمکوتکەر، بەرپەرچی

دڵنەخۆشان و، نەفامان بدەنەوە و، بێدەنگیان بکەن.

جۆرێکیتیر لەهیجرەتی مرۆڤەکان، بریتییە لە گەشتکردن و ، کۆچکردنی دڵەکان بۆ لای پەروەردگاریان؛ چونکە دڵ جێگەی سەرەکی خۆشەویست و باوەڕی ساغ و پتەوە، هەرکات ئیماندارانی ئەم گەشتەیان بۆ لای خوایان ئەنجامدا، ئەوا بێگومان باشترین ڕێگەی هیجرەتیان گرتۆتەبەر!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەشقی کرداری بە تەواوی هاوەڵان کرد لەسەر ئەم جۆرە کۆچە و، پەروەردەی کردوون و، دڵی ئامادەکردوون، هەتا پێش ئەوەی بەجەستە کۆچبکەن بۆ حەبەشە، یان مەدینە، بە ناخ و هەست و بیروباوەڕیان کۆچ بکەن و، نێوانیان لەگەڵ خوای مەزندا خۆشتر بکەن!

بەرهەمی ئەم کۆچە مەزنەی دڵیان بوو کە ئامادەی کردن بۆ ئەو کۆچە مەزنە بێ وێنەیە، کە لە ڕێگایدا ئاسایی بوو لەلایان کە تەواوی ماڵ و سامان و، ڕۆحیان فیدا بکەن و، کردیشیان، تا خوای مەزن ناوزەدیکردن: (لِلْفُقَرَاءِالْمُهَاجِرِينَ) کە پێشتر هەموو جۆرە ماڵ و سامانێکیان هەبوو کەچی لە پێناوی خوا بوونە هەژاران!

کۆچ و هیجرەت بە هەردوو شێوازەکەیەوە – جەستەیی و ڕۆحی – لە کاتێکی دیاریکراو، یان جوگرافیایەکی بەرتەسك دا، قەتیس ناکرێت، واتە: پەیوەست نییە بە هیچ کات و شوێن و سەردەم و کەسانێکەوە، بەڵکو تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت؛ هەروەکو خۆشەویست دەفەرموێت: (لَا تَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ حَتَّى تَنْقَطِعَ التَّوْبَةُ ، وَلَا تَنْقَطِعُ التَّوْبَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا)، واتە کۆچکردن لە

پێناوی خوا و دینی خوادا کۆتایی نایەت، هەتا دەرگای تۆبەکردن کۆتایی نەیەت و، دانەخرێت، دەرگای تەوبەش دانەخرێت، تا ئەوکاتەی کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت!

لە کۆتاییدا: هەرکات و سەردەمێك جۆری کۆچی تایبەت بە خۆی هەیە، دەبێ مسوڵمانان فیقهی ئەو کۆچەی سەردەمی خۆیان بزانن و، بەو شێوە کۆچی خۆیان بکەن و، بەردەوام لە کۆچکردنێکی وادابن، کە ببێتە مایەی عیززەتی خۆیان و، مانەوەی ئایین و، میللەتەکەیان بە سەربەرزی و ئازادی، چونکە حیکمەت وفەلسەفەی سەرەکی کۆچ دابین کردنی ئازادی و سەربەرزییە..لەهەرجێگایەکیش ئەم سەربەرزی و ئازادییە پەیدا بوو، ئیسلامیش لەوێ پەیدا دەبێت؛ بۆیە هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و، سەرگوزەشتەی پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان، عەودالبوون بووە بەدوای ئازادی و سەرزەوییەکان کە ئازادی تێدا بێ و، درەختی ئازادی تیا بڕوێت!

پەراوێزەکان:

١- طريق الهجرتين، لابن القيم الجوزية: ٢٠/١.

٢- رواه البخاري: (الفتح) (٦٤٨) واللفظ له، و مسلم برقم: (٤٩).

پرۆفایل:

د. سەید ئەحمەد پێنجوێنی

* لە دایکبووی پێنجوێنە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣.

* خوێندنی فەقێیەتی لە گوندەکانی دەوروبەری پێنجوێن و، ناوشاری پێنجوێن کردووە، تا قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، قۆناغی دواناوەندی لە پەیمانگای ئیسلامیی سلێمانی تەواو کردووە، پاشان کۆلێژی شەریعەی لە بەغدا بە پلەی نایاب لە ساڵی ٧٩/٧٨ تەواو کردووە، ماجستێر و دکتۆرای بە پلەی نایاب بە دەستهێناوە.

* لە بەغدا بۆماوەی دە ساڵ بە وتاربێژیی ماوەتەوە. لە ساڵی ٨٧ فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە، لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی کە خەریکی کاری ئیسلامیی بوون، بۆیە ناچاری چوونە ئێران بووە، ساڵی ٩١ گەڕاوەتەوە و، لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە، تا ئێستاشی لەگەڵبێ.

* ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بووە، لە یەکەم خولی پەرلەمانی عێراقدا و، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان و، ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداریەتیە کەیەتی، ئێستا بەرپرسی لقی ئەو یەکێتییەیە لە هەرێمی کوردستان، خاوەنی ١٠ کتێب و، هەزاران وتاری ڕۆژانی هەینی و، بابەتەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە.

هۆکاری کۆچ بۆ هەندەران و ڕۆڵی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە چارەسەرەکان

کوێستان محمد عەبدوڵڵا/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

کۆچکردن بریتییە لە جێ هێشتنی خاك وخەڵك و نیشتیمان کەتیایدا دەژی، بەرەو خاك وخەڵك ونیشتیمانێکی تر بە ئامانج و مەبەستێکی دیاری کراو و نیەتێکی پێشوەختە لەبەر هۆکار و بەربەستی جۆراو جۆر. کۆچی ئەمجارەی هاوواڵتیان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی دیوێکی خۆماڵییە و پەیوەندی بە وڵات و نیشتیمان و ناوەوەی هەرێم هەیە، دیوەکەی تری نێودەوڵەتییە کە لێشاوێکی بەرفراوانی کۆچکردن لە وڵاتانی پڕ قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا بووە، ئامانج و مەبەستی کۆچ بەگشتی مسۆگەرکردنی ژیانێکی شایستەیە.

پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێکی دونیادا لە ڕێگای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییە کانەوە بەدی دەکرێت. بەڵام پێویستە خزمەت گوزارییە کانیش لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و وشیاری تاکەکانی کومەڵگادا بگونجێن و تەواوکەری یەکتر بن. بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کەیەکێکە لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەیاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ٢٠٠٤ لە پەرلەمانی کوردستان

پێنوێنەکانی (بەکارخستن و بێکاری) لە ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦) ڕێژەی چاڵاکی ئابووری و دابەزینی بەهای دیناری عێراقی و تەنگەژەی ئابووری و پەتای کۆرۆنا و ناسەقامگیری سیاسی پێشبینی دەکرێت

دامەزراوە. ئەم وەزارەتە لایەنێکی گەورەو گرنگی کاری حکومەت و کۆمەڵگایە بۆ بەرنامە دانان و بە زانستی بەرجەستە کردنی هەموو ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریانەی کەهۆکارن بۆ بەرەو پێش بردن و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی زیاتر و سەردەمیانە بۆ دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها کارکردن لەگەڵ هەموو ئەو بوارانەی کەپەیوەندیان بەژیانی تاك و کۆمەڵ هەیە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری و هۆشیاری و تەندروستی و پەروەردەو فێرکردندا.

سەرەڕای ئەو قەیرانانەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتیتەوە قەیرانێکی تریش لەئارادایە ئەویش کۆچی گەنجانە کە بەشێکی گرنگی پەیوەستە بە کار و چالاکیەکانی وەزارەتمان.

بەهۆی ئەنجام نەدانی رووپێوی تایبەت بە زانینی ڕێژەی بیکاری لە ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢١) پێنوێنەکانی (بەکارخستن و بێکاری) بە ڕوونی دیار نیە ئێستا لە چ ڕێژەیەك دایە، پشت بەستن بە پێنوێنەکانی (بەکارخستن و بێکاری) لە ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦) ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان (٢٠٪) ڕێژەی بێکاری و (٤٠٪) ڕێژەی چاڵاکی ئابووری و دابەزینی بەهای دیناری عێراقی و تەنگەژەی ئابووری و پەتای

کـۆرۆنا و ناسەقامگیری سیاسی پێشبینی دەکرێت رێژەی بێکاری ڕوو لە هەڵکشانە و بە پێچەوانەوە چاڵاکی ئابووری ڕوو لە داکشانە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەتوانین هۆکارەکان لەم خاڵانەی خوارەوە روونبکەینەوە:

١- **قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان:** ئەم قەیرانانەی کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەیەکێك لە هۆکارەکان دادەنرێت بۆ کۆچی گەنجان و جێهێشتنی زێد و خاك و نیشتیمان، بەتایبەتی قەیرانی بودجە و مووچە و شەڕی داعش.

٢- **بێکاری:** لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکان بێکاریش وەك یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی گەنجان لە جیهاندا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر بژێوی ژیان و جێگیر بوون و داهاتووی نەوەکان، ئەو قەیرانانەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و بووە مایەی وەستانی پڕۆژەکان و بێکار بوونی کۆمپانیاکان ونەبوونی بودجەی پێویست بۆ کارەکان و ناردنە ماڵەوەی گەنجان و کرێکاران لە بەشێك لە پرۆژە و کارگە و کۆمپانیاکان وەدەست نەکەوتنی کار و سەرچاوەی بژێوی ژیان لە لایەن گەنجانەوە.

٣- **ناڕۆشنی لە داهاتوویەکی پڕشنگدار:** بەردەوام بوونی مرۆڤ لە ژیاندا پەیوەندیەکی

وەزارەتی کار لە ڕێگای سێکتەرە جیاوازەکانی (کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و چاکسازی کۆمەڵایەتی) هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی کە دەبنە بە شێك لە چارەسەریەکانی کۆچی گەنج

چاولێکەری و کاریگەری کۆچی گەنجان لە وڵاتانی تر، کۆچی ئەمجارە لە کۆچێکی ناوەخۆییەوە بەرەو کۆچێکی نێودەوڵەتی ڕۆیشت و بووە سیاسەتی گشتی

ڕاستەوخۆی بە بوونی داهاتوویەکی باشتر و ژیانێکی شایستەتر و بەدەستهێنانی بەختەوەری و خۆشنوودی و ئومێدێکی دەروونی بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز و باڵاتر لە ڕووی ڕۆحی و ماددییەوە. بەڵام کاتێك گەنجان دەدوێنی؛ یەکێك لە هۆکارەکانی کۆچکردنیان بێ ئومێدی و نەبوونی داهاتوویەکی ڕوون و خوازراوە لەم هەرێمە.

٤- **فەرامۆشکردنی گەنجان:** بەگەڕخستنی تواناکانی گەنجان و نەخوێندنەوەی هەستەکانی و سوود نەبینین لە هێزی گەنجان کە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتووە.

٥- **ڕێگادان و دەرگاکردنەوە بۆ وەرگرتنی پەنابەران** لەلایەن هەندێك وڵاتی ئەوروپییەوە بە هەر هۆکارو بیانوو ئەجێندای تایبەت بەم وڵاتانەوە بێت، هاندەری زیاتری کۆچکردن بوون.

٦- **چاولێکەری و کاریگەری کۆچی گەنجان لە وڵاتانی تر:** کۆچی ئەمجارە لە کۆچێکی ناوەخۆییەوە بەرەو کۆچێکی نێودەوڵەتی ڕۆیشت و بووە سیاسەتی گشتی لە ژێر ناو و هۆکاری جیاوازدا لێشاوی کۆچەکە جیهانی پڕ کرد و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش زیاتر کرد.

٧- تێڕامانی ڕۆشنبیری و خاوەن بڕوانامەکان و پسپۆریەکان لە کاتی نەڕخساندنی دەرفەتی کار وایان لێدەکات کە بەرەو وڵاتانی تر کۆچ بکەن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی کار و ژیانێکی

شایسته.

وەزارەتی کار لە ڕێگای سێکتەرە جیاوازەکانی (کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان، چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و چاکسازی کۆمەڵایەتی) هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کە دەبنە بە شێك لە چارەسەرییەکانی کۆچی گەنج ئەوانیش لە ڕێگای:.

١- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ بێکاران و دۆزینەوەی هەلی کار و دابین کردنی پێداویستیەکانی بازاڕی کار و دەستەبەرکردنی زۆرترین ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەکەرتی تایبەت کار دەکەن بۆ دابین کردنی مافەکانیان.

٢- پاڵپشتی کردنی دارایی (قەرزی بچووك) بۆ دامەزراندن و فراوانکردنی پڕۆژەی بچووك بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان، بەکارخستنی وزەی لاوان، هاندانی لاوان بۆ دەست پێشخەری دامەزراندنی پڕۆژە بچووکەکان لە ڕێگەی دابینکردنی دارایی بۆیان و ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ لاوان.

٣- زامنکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران و خاوەنکاران بە مەبەستی پاراستنی مافی کرێکاران لە خانەنشینی و قەرەبووکردنەوە و پاداشتی کۆتایی خزمەت کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناو گەنج و لاوان.

٤- بەکارخستن و ئاراستەکردنی توانای گەنج و لاوان و ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بواره جیاجیاکانی وەك پیشەسازی و

کشتوکاڵی و گەشتوگوزار، تاوەکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێت و یاساکانی کار بە جۆرێك رێك بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.

٥- خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان، نەوجەوانان، ژنان، بەساڵاچووان لەبواری دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەرکی خۆی لە پاراستن و چاودێری و هاوکاری مانگانەی موچە و سەرپەرشتی و گەشەپێدان ئەنجام دەدات، و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەگەڵا هەر تاکێکی کۆمەڵگەکەمان لە سنووری کاری خۆی بەرپرسیاریەتی خزمەتکردنیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

٦- پڕۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سزادراوان، وە ئامانجی سەرەکیشمان چاککردنی سزادراوانە لەلایەنی ڕەفتار و پەروەردە و ڕۆشنبیری و ئامادە کردنیان بۆ ئیش کردن تاکو وەك ئەندامێکی سوود بەخش بگەڕێنەوە نێو گۆمەڵگا دوور لە کێشە و ئاژاوەو تۆڵە سەندنەوە.

پڕۆفایل:

کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا

- ١٩٦٥/٢/٢٤ لە سلێمانی گەڕەکی کانی ئاسکان لە دایک بووە.
- بەکالۆریۆس لە ماتماتیک.
- ساڵی ٢٠٠٥ بۆ خولی دووی پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و ٢٠٠٧ بووەتە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز.
- ٢٠٠٩ بووەتەوە پەرلەمانتار لەسەر لیستی گۆڕان وسەرۆکی فراکسۆنی گۆڕان.
- ٢٠١٩ بووەتە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتنێك سەبارەت بە کۆچ و کۆچی گەنجان و کۆچی تاکی کورد بۆ هەندەران لەگەڵ بەڕێز

پ. ی. د. عبدالباری مجید المدرس



سازدانی: هەردی ئەنوەر

ئایندە/ سەرەتا سەبارت بە مێژووی کۆچ پرسیارت لێ دەکەین، لەم بارەوە چی دەڵێن؟

د. عبدالباری مجید المدرس/ کۆچ مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و مێژووەکەی کۆنە... کۆچ بە کەسێك دەوترێ کە بە ئارەزووی خۆی یان بە زۆر کۆچ دەکات، نموونەی ئەمە زۆرە بەڵام پێم باشە کورتە باسێکی گرنگ سەبارەت بە کۆچ بکەم، گەر بێت و گوێ لە ووتەی هەر کۆمەڵگایەکی گەورە بگریت خێرا زمانی مێژوو دێتە گۆ سەبارەت بە کۆچ قسە دەکات، کۆچ بنەمایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایە، گەر بێتو تەماشای قورئانی پیرۆز بکەین کۆچ بەتایبەت بنەمایەکی گەورە و پیرۆزە وەك ئەرکی مرۆیی لە قەڵەم ئەدرێ...خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٢١٨﴾) سورەتی بەقەرە ئایەتی ٢١٨. لێرەدا نەك کۆچەرەکانی لە ڕێگای حەقیقەت و لە تەنیشت موجاهیدەکان داناوە، بەڵکو وەك لە ئایەتەکەدا دیار و روونە

کۆچ شارستانیەت دروست دەکات دەتوانین بڵێین لە پشت هەر شارستانیەتێك کۆچەرێك هەیە و کۆچەرێك خۆی حەشارداوە

دوای ئیمان بێ مەودا باسی کۆچ دەکات وەك بنەمایەکی کرداری و ئەرکێکی پیرۆزی مرۆیی باسی دەکات... لە شـــێوازی پاش و پێشی وشە لە قورئاندا مانای زۆر گرنگ و گەورە خۆی نیشان داوە... کۆچکـــردن لـــە دەرەوە کۆچکردنە بۆ ناوەوە.. سەفەرێك بۆ خاڵێك کە بە قوڵاییدا بچێتە خوارەوە .. دەرچوون لەو خاکەی لێی دەردەچـــێ واتە شایستەی ئـــەوە نییە تێیدا بژیـــێ. من قسەیەکی (ئارنۆلد تۆینبی) کە سەبارەت بە کـــۆچ دەڵێت: (کەسایەتیە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کـــە دروستکەری شارستانیەت و ئاین و کومەڵگە بوون، لە مـــاوەی ژیانیانـــدا نیشتیمانی خۆیان جێهێشتووە و لە کومەڵگەی خۆیان ڕۆیشتوون و کاتێ گـــەڕاونەتەوە بـــۆ لای گـــەلەکەی خۆیان دووبارە دەستیان داوەتـــەوە کارەکانی خۆیان.. ئـــەم جۆرە گەڕانەوەیە گەورەترین کـــاری ئەخلاقی فکرییان بنیاتناوە و گەلی خۆیان پێی پێشخستـــووە. ئێمە لە مێژووی ئیسلام و مســـوڵمانداندا کۆچێکی گـــرنگمـــان هـــەیە کـــە پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لێبێت لەگەڵا هاوەڵانی بۆ مەدینە کۆچـــیان کردووە، پێشتر سااڵی پێنجی کۆچی بۆ حەبەشە کۆچیان کـــردووە. ئێستا پێغەمبەر دەبێت واز لـــە مەککە بێنێت بۆ کوێ؟ هـــەر شوێنێـــك کـــە مەککە نەبێت شوێنێك بێت بـــۆ ئازادی. سەرنج بدەین پێغەمبەر و یارانی بۆ کۆچیان کردووە؟! لەبەر ئەوەی لە مەککە ئازادی نییە بۆ مسوڵمانان لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئابڵوقـــەی ئابووری ئەدرێن لە

تاکی ئێمە کە کۆچ دەکات دەبێ بنیادی کومەڵگەی خۆی بنێت لە کاتی گەڕانەوەدا

هەموو ئەمانە گرنگتر سوکایەتی کردن بە خودی کەسێتی پێغەمبەر درودی خوای لێبێت وەک فڕێدانی پیسایی ئاژەڵا بۆ سەر لاشەی .. دوو هۆی سەرەکی هەبووە کە ئەم کۆچە ڕوویداوە یەکیان نەبوونی ئازادی، دووەم ئابڵوقەی ئابووری.

ئایندە/ گەنجان یان تاکی کورد بە گشتی بۆچی کۆچ دەکەن بۆ ئەورۆپا ؟

د. عبدالباری مجید المدرس/ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە عێراق و بە تایبەتی کوردستان گەنجان یان تاکی کورد کۆچ دەکەن بۆ ئەورۆپا لەبەر ئەم دوو هۆکارە: هەبووە لە کوردستان هەبوون بووە و سەرمایەی باشی هەبووە بەڵام لەبەر نەبوونی ئازادی کۆچیان کردووە، بەشێکی زۆریان قەرزیان کردووە یان مااڵی خۆیان فرۆشتووە تاکو بگەنە ئەورووپا، تاکی تورک کاتی خۆی کە کۆچی کردووە بۆ ئەڵمانیا کاری کردووە، سەرۆک وەزیرانی ئەوکات دەستی ماچکردوون کە وڵاتی ئەڵمانیایان بۆژاندۆتەوە، تاکی ئێمە کە کۆچ دەکات دەبێ بنیادی کومەڵگەی خۆی بنێت لە کاتی گەڕانەوەدا ، ئێمە سەرنج بدەین لە مێژووی کوردایەتی تاک هەبووە لە گوندێک کۆچی کردووە بۆ گوندێکی تر چونکە موختاری گوندەکە خراپ بووە و ویستویەتی لە خراپی موختاری گوندەکە خۆی بپارێزێت. کۆچ سەفەرکردنە نەک ڕاکردن، ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و عێراق ڕووئەدات ڕاکردنە نەک کۆچکردن، خاڵێکی گرنگ باس بکەم هۆکاری ئەم کۆچکردنە جگە لەوەی ئابووری عێراق و هەرێم داڕووخاوە، نەبوونی سەروەری یاساش هۆکارێکی تر، یاسا هەیە بەڵام نەبوونی سەروەری یاسا و جێبەجێنەکردنی هۆکاری سەرەکییە. لەگەڵ هەموو ئەوانە هۆکاری تریش

بەڕاستی ئەوەی کە کۆچ دەکات دەبێ هەرچی دەکات بتوانێ بە کۆمەڵێك دەستکەوتی باش بگەڕێتەوە نێو گەلی خۆی و کلتوری جوانی وڵاتان لە وڵاتی خۆی بتوێنێتەوە

هەیە بریتییە لە هۆکاری چاولێکەری ئەمەش وەك دیاردەیەکە. خاڵێکی تر بریتیە لە ڕاگەیاندن ئێمە گەر تەماشای تاکی کورد بکەین وا دەبینین کە دەبێ ژیانی وەك تاکی ئەورووپی خۆش بێت بەلایەنی کەمەوە ژیانی وەك دەوڵەمەندەکانی کوردستان بێت گەر تەماشا بکەین تاکەکانی ئەورووپا بەشێکی زۆریان پیرن و لەناو تەمەندان و ڕۆژانە لە وڵاتی خۆیان گەشت دەکەن ئەم تاکە ئەورووپیە لە گەنجی ماندوو بووە کاری کردووە تا گەیشتووە بەوە، خاڵێکی تر نەبوونی ئارامیە لە عێراق و هەرێم...کاتی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨ بۆ ساڵی ١٩٤٠ زۆربەی ئەڵمانیەکان کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا، بوژانەوەی ئەمریکا و بەرەوپێشچوونی ئەمریکا بۆ بەشێکی لەپێشکەوتوانی ئەڵمانیەکان دەگەڕێتەوە، تاکی ئەڵمانی لە نێوان ئەو ساڵانەی باسکرا کە کۆچیان کردووە لەبەر نەبوونی ئارامی و شەڕ و نەبوونی ئارامی لەژێر دەسەڵاتی نازی ئەڵمانیا کە بەڕاستی ستەمێکی زۆریان کردووە، هۆکارەکەشی ئەو کۆچە بە لێشاوە بوو کە کرا بۆ وڵاتانی دەرەوەی ئەڵمانیا.

ئایندە/ دەکرێ چ سوودێك لە کۆچ وەربگیرێت ؟

د. عبدالباری مجید المدرس/ بەڕاستی ئەوەی کە کۆچ دەکات دەبێ هەرچی دەکات بتوانێ بە کۆمەڵێك دەستکەوتی باش بگەڕێتەوە نێو گەلی خۆی و کلتوری جوانی وڵاتان لە وڵاتی خۆی بتوێنێتەوە... بە ئەخلاقی

جوان و ئەخلاقی بەرز باشتر وایە ئەوەی کۆچ دەکات بۆ بازرگانی یان خوێندن بێت کـــۆچ بکات بەڵکو بتوانێ خزمەتی وڵاتەکەی بکات، وا باشترە ئـــەوەی کـــۆچ دەکات چاوێـــك لە پێغەمبەران بکات کە بۆ کۆچیان کردووە، وەك باسمان کرد لە نموونەی کۆچ کردن بۆ مەککە و کۆچکردن بۆ حەبەشە. حـەزرەتـــی ئیبراهـیم سڵاوی خـــوای لێبێت بەهەمان شێوە کۆچی کردووە، نوح سڵاوی خوای لێبێت کاتێك کەشتیەکەی دروست دەکات هیجرەت دەکات، موسا سڵاوی خوای لێبێت کاتێك ملی ڕێگا دەگرێت بەرەو بەحرەکە هیجرەت دەکات.

ئایندە/ ئەی لـــەبارەی لێکەوتە یاساییەکانی کۆچ ڕاتان چییە ؟

د. عبدالباری مجید المدرس/ بێگومان ئەو جۆرە کۆچکردنەی ئێستا دەکرێت غـــەیرە یاساییە (نایاساییە)، لەگـــەڵ ئەوەشدا لە ڕێگای ئاوارەبـــوونەوە دەکرێت کۆمەڵێ ناشرینی لە خۆ بگرێت، وەك ئـــاوارەبوون کـــە مەترسی گیانیشی هەیە، یـــان پاسپۆرتی وڵاتێکی ئەوروپـی وەردەگرێت کە دیارە یاســـای نێودەوڵەتی پێشێلکردووە، لە هـــەمان کاتدا پاسپۆرتی وڵاتی خـــۆت زۆر بێ نرخ دەرەکەوێت.

پڕۆفایل:

* د. عبدالباری مجید المدرس، ساڵی ١٩٥٨ لە هەولێر لەدایکبووە.

* پڕۆفیســـۆری یـــاریدەدەری لە زانکۆکانـــی هایدلبێرگی ئەڵمانی و کۆیە بە دەستهێناوە.

* بەکالۆریۆســـی لە بـــەراوردی ئاینەکـــان لە زانکۆی ئادابی بەغدا بەدەستهێناوە.

* دامەزرێنەری سەنتەری مەلای گەورەی کۆیەیە.

* شارەزای زمـــانەکـــانی فـــارسی عەرەبی تورکی ئینگلیزی ئەڵمانیە. ڕاگری پێشووی فاکەڵتی زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی کۆیە بووە.

كۆچی گەنجان و قسەیەك!

د. عەبدوللەتیف یاسین عەلی

كۆچی گەنجان دیاردەیەكە بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتۆتەوە، ئەوەش بابەتێكی هەنوكەیی نییە، بەڵكو میژوویەكی دوور ودرێژی هەیە، بەتایبەتی دوای هۆكارەكانی گواستنەوەو گەیاندن پێشكەوتنێكی زۆر خێرا و گەورەی بەخۆیەوە بینی.

هەموو دیاردەیەك قسەو باسی زۆر لەخۆ دەگرێت و دەبێتە تەوەری زۆر كۆڕ و كۆبونەوە و دانیشتنەكان، دەكرێ ببێتە بەشێك لە موزایەدە و دەكرێ ببێتە بەشێك لە بازرگانیەكی جیهانی كە ملیۆنەها دۆلار نەخت و نرخی ئەو بازرگانیە بێت، لێرانە خاڵ خاڵ دەیخەمە بەردەستی لایەنی پەیوەندیدار و خوێنەری بەڕێز:

یەكەم: شورەیی و نەگبەتییە گیان و ئایندەی گەنج بكرێتە مادەی موزایەدە.

دووەم: لەوە شورەییتر بە بازرگانی كردنی ئەو دیاردەیە.

سێیەم: چەواشەكردنی راستیەكان لە هەردووك خاڵی پێشتر شورەییتر و نامرۆڤانە تر.

چوارەم: ڕاگەیاندنی كوردی (كە باس لە ڕاگەیاندنی كوردی دەكەم چونكە باسكردنەكە باسی كۆچی

دیارترین سیاسەتمەدار بازرگانێكی گەورەیە و دەستی بەسەر زۆربەی جومگەكانی ژیاندا گرتووە، ئەوەش بە زەقی لە میدیای كوردی ڕەنگی دایتەوە

گەنجی کورده).

پێنجەم: لە هەموو جیهان هەر دەزگایەك و راگەیاندنێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، واتە ئەوەی منداڵان هەی منداڵانە ئەوەی سیاسیە سیاسیە، ئەوەی بازرگانیە بازرگانیە، بەڵام لەم وڵاتە چونکە رەنگدانەوەی واقعی کوردستانە، سیاسەت و بازرگانی و جنس هەمووی تێکەڵ و پێکەڵ بووە، بەشێوازێك دیارترین سیاسەتمەدار بازرگانێکی گەورەیە و دەستی بەسەر زۆربەی جومگەکانی ژیاندا گرتووە، ئەوەش بە زەقی لە میدیای کوردی رەنگی دایتەوە.

شەشەم: بەرز کردنەویە سەقفی خەونی گەنج کە رۆژانە مێشکی بۆ شوقەی نوێ و سەیارەی نوێ و کچی جوان و گەرەکی راقی رادەکێشی، بەڵام لە ئەرزی واقع گەنجی ئێمە مەسروفی رۆژانەی پێ نیە وگیرفان بەتاڵە..

حەوتەم: دەبێ دەسەڵاتی کوردی ئەوە بزانێت، ئەو خەڵکە رۆڵەی ئەوە، بە جیدی بێ پارەیە، نەوەك نەداره بەرامبەر ئەو سەقفەی کە راگەیاندن بۆی دروست کردوە، بەڵکو بەرامبەر شتی کەمتریش هەر نەداره، ئەوەی ئەوانی رۆژانە دەیان بینن تەمسیلی واقعی کوردستان ناکەن بۆیە تکا دەکەم ئەو قسە بە جیدی وەرگرن.

هەشتەم: کورت کردنەوەی کۆچی گەنجان لەسەر شتی لاوەکی خزمەت نە بە حکومەت نە بە لایەنی بەرامبەر ناکات.

نۆیەم: بەراستی چەندین قەیرانی گەورە رووی لە کوردستان کردوە، دروستە هەندێکی لەسەر ئاستی جیهانە بەڵام گرفتی لۆکاڵیشمان یەجگار زۆرە، بۆیە ناکرێ حکومەت بە سادەیی سەیری ئەو مەلەفە بکات و ئەستۆ پاکی خۆی بکات، نەخێر حکومەت کەمتەر خەمە بەرامبەر گەنج، کەمترین نمونە

سەیری کوڕی بەرپرسێکی سادە بکە لەگەڵ گەنجێکی ئاسایی جیاوازیەکان مەترسیدارن.

دەیەم: لەم نێوەندە دادوەری کۆمەڵایەتی تاڕەگ و ڕیشەی زیانی پێ کەوتووە، تەمەن و تەندروستی حکومەت و هەموو کیانێك دادگەرییە، پێوەری حوکمڕانی دادپەروەرییە، جیاوازیەکان زۆر بەزەقی دیارن حاجەی بە دیراسە و توێژینەوە نیە هەر لە دایەنگایەکان دەست پێ دەکات تا زانکۆ و شوێنە گەشتیار و مەزرەعە و یانەی شەوانیش جیاوازی لەنێوان گەنجی کوڕە بەر پرسی سادە لەگەڵ گەنجێکی ئاسایی زۆر جیاوازە.

یازدە: دەبێت حکومەت وەك هەڕەشەیەکی جیدی سەیری نارەزایی گەنجان بکات کە کۆچکردنیان ڕەنگدانەوی بەشێکی ئەو نارەزاییەیە.

دوازدە: ئەو بابەتەش بەوە چارەسەر ناکرێت دانیشتن لەگەڵ کۆمەڵە کەسێك بکرێت، گوایە ئەوانە نوێەرایەتی گەنج دەکەن ... ئەویش کوڕی بەرپرسێك یان ئەندامی حزبێك دەچێتە ئەو کەلێنە دیسان موستەفید دەبێت.

سێزدە: وەك باسم کرد، توێژینەوە و دیراسەکردنی ناوێت، بەڵکو باس لە بژێوی ئەو گەنجەیە و دواتر بەگەڕخستنی تواناو هێزیان.

چواردە: کۆنترۆڵ کردنی ئەو ڕاگەیاندنە بێ سەرەو بەرەیە، مرۆڤ خۆی پڕۆگرامێکی بایەلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە کە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات بە گوێرەی توانست و لاشەو جەستەی خۆی وەك خواستەکانی خواردن و جنس و توانستەکانیش جیاوازی زۆری تێدایە لەکەسێك بۆ کەسێك هەروەك ژیری و تێگەیشتن و وەرزشکردن و هتد.... هیچ کەسێك بەیەك پێوەر سەیری

ناکرێت لەگەڵ بەرامبەری ئەو خواستانە پێویستیان بە تێر کردن هەیە بە گوێرەی تایبەتمەندی کەسەکان..

پازدە: بەڵام راگەیاندن زۆر بەنەرێنی کار لەسەر ئەو توانستانە دەکات، کەسێك رۆژانە پێویستی بە ژەمەخۆراك هەیە بەپێی جیاوازی تاکەکان، کاتێك تێری کرد، تا ماوەیەکی دیاری کراو پێویستی پێ نابێتەوە، ئەو ژەمانەش لە کەسێك بۆ کەسێکی تر و لە فەرهەنگێك بۆ فەرهەنگێکی تر دەگۆڕدرێت، فەرهەنگی کورد لەگەڵ عەرەب و لەگەڵ سودان ولەگەڵ تورکیا و لەگەڵ ئەمریکا زۆر لێك جیاوازە، بەڵام راگەیاندن دێت بە ریکلامکردن بۆ چێشتخانەیەك وێنەی خواردەمەنی و ساردەمەنی و شیرنەمەنی یەك لەدوای یەك نمایش دەکات ئیتر غودەدەکانی مرۆڤ چاڵاك و کارا دەکاتەوە بەر لەوەی کاتی خۆی هاتبێت، چونکە ئەندامە هەستیارەکان کاریگەری تەواویان لەسەر غودەدەکان هەیە و چالاکی دەکەن و هۆرمۆنات فرێ دەدات و ئەو یاسایە بۆ لایەنی جنسیش هەر تەواوە و حاڵەتێکی بەردەوامی لە وروژان بۆ کەسەکان دروست دەکات کە لەکاتی خۆی نیە، بۆیە دەرنجامەکانیش ناتەندورست دەردەچێت.

شازدە: دڵنیام هیچ شتێك وەك ئیمان و زانست ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو پرسانە بکات، ئەوەش بەرپرسیاریەتی حکومەت و خانەوادەیە، هەردوولا نەوەك لایەنێك بەتەنیا.

حەڤدە: دیدگای من بۆ حکومەت بریتیە لە حاجەی خەڵك بە ئیدارەکی هەمەلایەنە و هەماهەنگی حکومەت بەشێکە لە ناخی کۆمەڵگا و خەڵك، بۆیە هەر هەرەشەیەك پەیدا بێت کاریگەری لەسەر هەردوو لا

دەکرێ کۆچی گەنجان رێکبخەین چونکە هەرگیز رێگە لە کۆچ ناگیرێت بەڵام دەکرێت رێکبخرێت، ئەویش بەدۆزینەوەی هەلی کار لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان لەرێگەی حکومەت

هەیە، ئەگەر تەعبیرەکەم راست بێت بە هەردوولا وەصفم کرد، ئەگەر نا هەمووی یەك لایە.

هەژدە: پێویستە حکومەت ئۆفەرێك بداتە ئەو دەزگا و کۆمپانیایانەی کە توانای بەگەڕخستنی تواناکانی گەنجانیان هەیە، خۆ ئەگەر ناتوانێت تەمویلیان بکات با باجیان لەسەر کەم بکاتەوە بە رێژەی بەگەڕخستنی تواناکان، ئەگەر توانی سەد گەنج بەکار بخات ئەوە رێژەیەك باجی لەسەر هەڵبگرێت، ئەگەر زیادی کرد زیاتر، یان ئاسانکاری تر کە حکومەت زانیاری زیاتری لەلایە.

نۆزدە: دەکرێ کۆچی گەنجان رێکبخەین چونکە هەرگیز رێگە لە کۆچ ناگیرێت بەڵام دەکرێت رێکبخرێت، ئەویش بەدۆزینەوەی هەلی کار لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان لە رێگەی حکومەت هەروەك چۆن لە وڵاتی سودان هەیە.

بیستەم: زۆر گرنگە حکومەت ئەو بەرپرسیاریەتیە بەجدی هەڵگرێت ولێی بێ تاقەت نەبێت، چونکە گەل وحکومەت یەك جەستە پێك دەهێنن، باوك زۆر سەیرە هیچ هەڵوێستێکی رۆڵەکەی هەرچەندی بەدڵیشی نەبێت ناکاتە بیانو بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت، خۆ حکومەتیش باوکی ئەو گەلەیە.

بیست و یەك: دام و دەزگا رۆشنبیری و پەروەردیی و ئایینییەکان دەبێ زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو تویژە بکەن، تێکدانی یان بێ ئومید کردنی خزمەت ناکات و کارەساتی

تر بـــەدوای خـــۆیدا دێنێت، لەخراپترین حاڵەتدا دەبێ هیوا و ئومێد بدرێتە ئـــەو تۆڕە چونکە ئەوان کۆڵەگەیەکن بۆ وڵات.

بیست و دوو: دەبێ بەتەمەنەکان بزانن ئەگەر بیانەوێـــت جوڵەو نوێ بوونەوە بکـــەن ئەوە دەبێ بیرکردنەوە لای خـــاوەن ئەزموون و بیرەکان بێت و جێ بەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی لای گـــەنجەکان بێت، چونکە قۆناغی دواتر ئەوان دەچنە شوێنی پێشەخۆیان.

بیست و سێ: دەرکەوتنی دیاردە و نیشانەی نەخۆشی واتای مردن و کۆتایی ناگەیەنێت بەڵکو خاڵی سەرتای پشکنین و چارەسەر و خۆکۆکردنەوەیە.

پرۆفایل:

لـــەتیف یاسیـــن عـــەلی
(عەبدوللەتیف یاسین)

- لـــەدایکـــبووی ١٩٧١/٩/١، هەولێر، ڕوناکی.
- بەکالـــۆریـــۆس لەزانـــکۆی سەلاحەددین.
- ماستەر لـــە زانکـــۆی ئوم دورمان لە خەرتوم/ لە تەفسیر و زانستەکانی قورئان (چەمکی ئیمان لە قورئانی پیرۆز لە نێو کتابی کەلیماتی بەدیعو زززەمان سەعید نورسی).
- دکتـــۆرا لـــە زانـــکۆی القران الکریم لە خەرتوم / لە تەفسیر و زانســـتەکانی قورئان (ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ لە قورئانی پیرۆز - دیاردەی توند وتیژی بەنمونە).

- چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە.
- نووسینی دەیـــان بـــابـــەت و توێژینەوە بە زمـــانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤار و رۆژنامە و پێگە ئەلیکترۆنیەکان.
- پێشکەش کردن و نووسیـــن و تۆیژینەوەی چەندین بابەتی رادیۆ وتەلەفزیۆنی لەسەر پەیامەکانی نور.
- ئێستا لە هـــەولێر دەژیـــت و مامۆستایە لە چاکسازی گەوران.

هۆکارە سەرەکیەکانی کۆچی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ هەندەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی

سەرەکیترین هۆکاری بەجێ هێشتنی وڵات لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێم بە گشتی و گەنجان بە تایبەت بریتیە لە بێ ئومێد بوون و نەمانی متمانە،

قسەو لێکدانەوەی زۆر دەکرێ لەبارەی کۆچی بەرفراوانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ هەندەران بەتایبەت لە ئێستادا، بێگومان هۆکاری جۆراوجۆر هەن ڕای جیاواز و ناکۆکیش هەن، هەندێک دەڵێن هۆکارەکە بێکاری و هەژاریيە، هەندێکی تر دەڵێن نەخێر ئەوەی هەژار بێت پارەی لە کوێ بوو پێی بڕوات؟ یەکێک دەڵێ خەتای حکومەت و حیزبەکانە ئەوەیتر دەڵێ نەخێر خەتای خەڵکە ...هتد. هەموو ئەوانە دەکرێ بەشێک لەڕاستیان تێدابێ بەڵام هیچ کامیان تاکە هۆکار نین.

بەسەرنجدان لە دۆخی ئێستای هەرێم و ژیانی خەڵک و بە گوێگرتن لەوانەی کۆچ دەکەن دەتوانین بڵێین:

هۆکاری ئەو بێ ئومێدیە بەرفراوانەش بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئابووری و نارۆشنی ئایندەی هەرێم لەهەموو ڕوویەکەوە:

تا ئێستا دوای ٣٠ ساڵ لە ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، قەوارەی هەرێمی کوردستان چ لەڕووی سیاسی چ لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

بواره کانی تر هەر بە ناچێگیری ماوەتەوە و سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە، قەیرانە ناوخۆییەکان بە پلەی یەکەم و هەرەشە دەرەکییەکان بە پلەی دووەم بەردەوام ئارامی و ئۆقرەیی هەرێمیان تێک داوە و هاوڵاتی ئەو هەرێمەیان شەکەت و ماندوو کردووە، هەر لە شەڕی ناوخۆوە تاکو دوو ئیدارەیی و، کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و، هاتن و نەهاتنی بودجە و، شەڕی داعش و میلیشیاکان و، نائارامی سنورەکان، هەموو ئەوانە کە سااڵ بە سااڵ قوڵتر دەبنەوە و لەجیاتی چارەسەربوون کێشە و قەیرانی دیکە دەبنە سەرباریان، ئاسۆیەکی ناڕوونیان بە هەرێم بەخشیوە و قەناعەتێک لای هاوڵاتی کوردستان دروست بووە کە ئەو کێشانە هەرگیز تەواو نابن و عێراق و هەرێمی کوردستان هیچ کات سەقامگیر نابن، ئەوەی نائومێدییەکەی قوڵتر کردۆتەوە شکستی ئەزموونی هێزە کوردیەکان و دەسەاڵتی خۆماڵییە کە دوای دەیان سااڵ چاوەڕوانی و قوربانیدانی خەڵک، خراپترین جۆری حوکمڕانیان پیشانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم داو ئەو هیوا و ئومێدەشیان لە گۆڕنا کە سااڵنێکی دوورو درێژ هەموان خەونیان پێوە دەبینی.

٢- دەست بەسەردا گاأرتنی داهات و سامانی هەرێم و بەهەدەردانی ملیارەها دۆلار لەلایەن دوو حیزبی دەسەاڵتدارەوە:

هەرێمی کوردستان لەڕووی داهاتی گشتی و سامانی سروشتی هەرێمێکی دەوڵەمەند و پڕ داهاتە، بە زیادەوە بەشی دابینکردنی باشترین و خۆشترین ژیان دەکات بۆ دانیشتووانەکەی، بەاڵم ئەو داهاتە زۆرە بەدرێژایی سی سااڵی ڕابردوو بە ئێستاشەوە لەجیاتی ئەوەی لەژێر دەستی حکومەت دابێ، لەژێر کۆنترۆڵی دوو حیزبی دەسەاڵتدار دابووە،

لە جیاتی ئەوەی بۆ بەرژەوەندی گشتی و خزمەتی هاوڵاتیان بەکار بهێنرێ بەشی هەرە زۆری بۆ بەرژەوەندی حیزب و کەسانی دەست ڕۆیشتووی ناو حیزب تەرخان کراوە، ترسناکترین پڕۆسەی تاڵانکردن و بەهەدەردانی سامانی گشتی لەو سی ساڵەدا پەیڕەو کراوە و تائێستاش بەردەوامە، هیچ ئاسۆیەکی چارەسەر و دەست هەڵگرتنی ئەو دوو حیزبەش لەو پڕۆسەی تاڵانکاریە بەدی ناکرێ، ئەوەی هۆکاریکی تری نائومێدبوون ..

٣- نەبوونی دادپەروەری و دەرفەتی یەکسان لەهیچ بواریکی ژیاندا (دامەزراندن، تەندروستی، خوێندن، ... هتد):

سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتی خۆماڵی و دوو حیزبی دەسەڵاتدار تەنها داهات و سامانی گشتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەڵی کار و دەرفەتی کێبرکێی یەکسانی ژیانیشی نەهێشتووە، هەرچی چالاکی و بواری جموجوڵی ناو کۆمەڵگا هەیە لەلایەن سەرانی حیزب و دەست ڕۆیشتووەکانەوە قۆرخ کراوە، هەر لە دامەزراندنی فەرمانبەر و هێزی چەکدارەوە کە دەبێ بە فلتەری ئەو دوو حیزبەدا تێپەڕێ تا دەگاتە دابینکردنی خزمەتگواری گشتی وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی و هەڵی خوێندن کە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی بۆ خۆیان و دارو دەستەکانیان ڕەخساندووە لەگەڵ ئەوەی دەگاتە هاوڵاتی ئاسایی، هەموو کەسێکی سادە هەست بەوە دەکات نادادپەروەری ئەو دەسەڵاتە لەوبارەوە هەمموو پێوەرەکانی بەزاندووە.

٤- قۆرخکردنی سەرجەم بوارەکانی (بازرگانی، وەبەرهێنان، کۆمپانیاکان، ...هتد) لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو، کەسە دەست ڕۆیشتووەکانیان:

لەو چەند ساڵەی دواییدا بەناوی زیادکردنی داهات و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی، حکومەت ڕێژەی ڕسومات و باجی چەند بەرامبەری ڕابردوو زیاد کردووە

جەمسەرێکی دیکەی گرنگی ژیان کە قۆرخکاری زۆر ناقۆڵای تێدا کراوە لە هەرێم، بواری بازرگانی و بزنس و کەرتی تایبەتە. ئەو کەرتە کە فەراهەم کردنی زۆرێک لە پێداویستیەکانی ژیانی تاکی پێوە بەندە و سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتو هەلی کاریشە بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتی دوو حیزبەکەوە قۆرخ کراوە، هەموو پرۆژەیەکی گەورە و بچوکی بازرگانی و وەبەرهێنان و کۆمپانیاکان لە هەرێم ئەگەر ئی خودی بەرپرسانی حیزب نەبن ئەوا بە مسۆگەری دەبێ پشکی یەکێکیانی تێدا بێت. ئەوە ڕاستیەکە ڕۆژانە خەڵکی کاسبکار و خاوەن سەرمایە دووپاتی دەکەنەوە.

ئەمەش وای کردووە وەک چۆن هەلی کار و ژیان بۆ چینی هەژارو کرێکار سەخت بووە، هەلی کێبرکێی بازرگانی و بزنسی خاوەن سەرمایەکانیش لەژێر فشار و دڵەڕاوکێی بەردەوام دابێ، بەهۆی دەست وەردان و تەماحکاری دەست ڕۆیشتووانی دوو حیزبی دەسەڵاتەوە، بۆیە دەبینین زۆرێک لەوانەی وڵات بەجێ دەهێڵن خاوەن سەرمایە و چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگان، ئەوانە لەبەر هەژاری نارۆن، بەڵکو لەبەر ترس و دڵەڕاوکێیان لەداهاتووی ژیان و سەرمایە و کاریان ڕوو لە ڵاتانی تر دەکەن.

۵- هەڵکشانی بەردەوام و خێرای نرخی کەل و پەل و پێداویستیەکانی ژیان، بەهۆی باجی زۆر و چاوچنۆکی

زۆربەی هۆکارەکان پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتی ئێستای هەرێمەوە، ناکارایی ئۆپۆزیسیۆن و بارودۆخی ناوچەکەش بەگشتی ڕۆڵیان هەیە.

کۆمپانیاکانی هەردوو حیزبی حوکمڕان و بەرپرسە باڵاکانیان:

لەو چەند ساڵەی دواییدا بەناوی زیادکردنی داهات و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی، حکومەت ڕێژەی ڕسومات و باجی چەند بەرامبەری ڕابردوو زیاد کردووە، دەیان باجی نوێشی داهێناوە کە پێشتر نەبوون، زۆربەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان دراونە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا حیزبیەکان، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان نرخ دیاری دەکەن، لە دەروازە سنوریەکان چەندین باجی نافەرمی و ناڕەوا خراونەتە سەر هاتوچۆی بازرگانی، ئەو باجە زۆرانە بوونەتە هۆی هەڵکشانی نرخی تێکڕای خزمەتگوزاری و کاڵاو کەل و پەلەکان، هەر لە سوتەمەنی و بەنزین تا خۆراک و دەرمان و پێداویستی ڕۆژانە هەموویان نرخەکەیان چەند بەرابەر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی ئەو باج و ڕسوماتە زۆرانە دیار نیە و هیچ شوێنەوارێکی نیە لە دابەشکردنی مووچە و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان چونکە زۆربەیان ناگەڕێنەوە خەزێنەی گشتی، ئەوەش بێزاریەکی تری گەورەی لای هاوڵاتیان دروست کردووە کە جگە لە ڕاکردن لێی ڕێگایەکیان بۆ نەماوەتەوە.

٦-بێ ئومێدبوونی خەڵک لەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەهۆی پەرتەوازەیی نەبوونی پڕۆژەی هاوبەش:

لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندیان بە سیاسەتی نابەرپرسانەی هەردوو

حیزبی حوکمڕانەوە هەیە، هۆکارێکی تری بەهێزی بەجێ هێشتنی وڵات بریتیە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی تۆکمە و کاراو خاوەن پڕۆژەکە کە ڕووبەڕووی گەندەڵی و پاوانخوازی دەسەڵات ببێتەوە و موجامەلەی نەکات.

بەداخەوە ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەناوی ئۆپۆزیسیۆن هەبووە بەرگەی تەماحی پلەو پۆست و ئیمتیازاتی نەگرت و هەر یەکە و بە جۆرێک کەوتنە ناو پڕۆسەی شەرعیەتدان بەو شێوە حوکمڕانیەی دوو حیزبەکە پیادەی دەکەن، بەمەش ئەو هیوایەی خەڵک هەیبوو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی خواری دەسەڵات لەلایەن ئەو هێزانەوە، ئەویش نەما و هێندەی تر خەڵک نائومێد کرا .

ئەمانە هۆکارەسەرەکیەکانی کۆچن لەو هەرێمە، کە وادەکەن خەڵک بە گشتی بێزار بن بەتایبەت چینی گەنج کە ناتوانێ خەون بە لانیکەمی ژیانێکی شایستە بەخۆی (هاوسەرگیری، شوێنی نیشتەجێبون، هەلی کار) ببینێ، بێگومان تا ئەو دۆخە و ئەو هۆکارانەش بوونیان هەبێ کۆچکردن بەردەوام دەبێت.

وەک دیارە زۆربەی هۆکارەکان پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتی ئێستای هەرێمەوە، ناکارایی ئۆپۆزیسیۆن و بارودۆخی ناوچەکەش بەگشتی ڕۆڵیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین کۆچکردن و بەجێ هێشتنی وڵات ڕێگا چارەی دروست نیە، باشترین بژاردە دروستکردنی فشار و تێکۆشانی مەدەنی و وشیار کردنەوەی کۆمەڵگایە بۆ گۆڕین و چاککردنی ئەو دەسەڵاتەی بۆتە هۆکاری نائومێدی هاوڵاتیانی هەرێم بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی .

پرۆفایل:

م. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی

* لەدایك بووی ١٩٧٩.

* ماستەر لە فیقهی ئیسلامی، الجامعة العراقية / بغداد.

* قوتابی دکتۆرا.

سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوڕوپا بۆ گۆڤاری ئایندە دەدوێت

سازدانی دیدار: پەیامنێری ئایندە

سەبارەت بە دۆخی پەنابەران و کۆچبەران و ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوڕوپا پەیوەست بە پرسی کۆچ و کۆچبەران، گۆڤاری ئایندە ئەم دیدارەی لە گەڵ بەڕێز (بەکر علی) سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوڕوپا سازداوە..

ئایندە/ مەبەست لە دروستبوونی ڕێکخراوەکەتان چی بوو؟

بەکر عەلی/ ئێمە کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوڕپاین لە سەرتاسەری کوردستان کاردەکەین. پازدە ساڵە لە بواری پەنابەران خزمەت دەکەین، بەتایبەت ئەوانەی دەگەڕێنەوە.

مەبەستی ئەم ڕێکخراوە ئەوەبوو کە کاتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و ئازیزان دامان مەزراند سوودیک بەو تویژە بگەیەنین، کە لە ئەوڕوپا گەڕاونەوەتەوە و نائومێد بوون و بەهەر هۆکارێک بێت دیپۆرت کراون بەزۆرە ملێ گەڕێنراونەوەتەوە و مافی پەنابەرییان وەرنەگرتووە.

کە کۆمەڵێک ڕێکخراوی نییودەوڵەتی و ڕێکخراوی تر کاریان تێدا دەکرد وەک (ڕێکخراوی قەندیلی سویدی وIOM و OFM و CAMN).

ئەوە بوو لەگەڵ کۆبوونەوەیەکمان لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٢ لەگەڵ سەرکردایەتی ئەوکات ئەنجام دا

و ڕەشنووسی پڕۆژەیەکمان ئامادە کرد کە ئاراستەی پەرلەمان کرا.

تێیدا هۆکارەکانی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستانمان دیاری کردبوو و ئاماژەشمان بە چارەسەریەکان دابوو بۆ ئەو کەسانەی کە ویستیان هەیە بۆجێهێشتنی نیشتمان.

ئایندە/ کار و چالاکیتان چی بووە؟

بەکر عەلی/ کۆمەڵێک کار و چالاکیمان ئەنجام داوە بەتایبەتی لە بواری ئەو کەسانەی بێسەروشوێن کراون و گیانیان سپاردووە، کە توانیومانە تەرمەکانیان بۆ کەس وکاریان بگەڕێنینەوە.

ئایندە/ بەڕای ئێوە هۆکارەکانی کۆچی کوردان چین؟

بەکر عەلی/ کۆچکردن دیاردەیەکی سروشتیە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە شێوەیەک بوو کە خەڵک زۆر کۆچ بکات بەڵام لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. تا بوو بە لشاوی مرۆیی لە ساڵی ٢٠١١ و گەیشتە لوتکە لە گەڵ هەڵگیرسانی شەڕی دژ بە داعش پەرەی سەندو هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبوو لەو لێشاوانە کە بووە هۆی ئەوەی لە دیاردەیەکی سروشتیەوە ببێتە دیاردەیەکی مەترسیدار، کە **کۆچ زەنگی ئەوەی لێدا لە ڕووی جێندەری و وەچە خستن کاریگەری نەرێنی هەبوو، وەک ئێستا هەستی پێدەکەین.**

هۆکاری تەواوی کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ کۆی بەرنامە و پلانی حوکمڕانی سی ساڵەی حکومەتی هەرێم، کەوای لێهاتیە کۆمەڵگەکە لە باریکی ساغڵەم نەبێت. کە ژینگەیەکی تەندورست و ساغڵەم وئاسوودە نەبوو، کە بووە هۆکاری نادادی وناسەقامگیری و کاریگەری

نەرێنی هەبوو بۆسەرمایەداریش کە ڕووبکەنە دەرەوە و ئامارەکانیش ناخ هەژێنن کە بەنموونە ساڵی ٢٠٢١ دێنینەوە..

ئایندە/ کاک بەکر سەبارەت بە داتا و زانیاریەکانت تەنها ئاماری گەڕاوەکانتان لە لایەن ئەوانەی کۆچیشیان کردووە بە قوربانیەکانیشەوە لەساڵی چەندەوە ؟

بەکر عەلی/ تەواوی ساڵەکانمان لە لایە، بەڵام **کاتێک باسی ٢٠٢١ دەکەین وەک نموونەی لوتکەی کارەساتەکەیە کە تەواوی کوردستان بە شار و شارۆچکەکانی ٢٦ هەزار کەس ڕێگای کۆچیان گرتەبەر** لە هەرێمی کوردستان و نیشتمانیان جێهێشت.

لەکۆی ٢٦ هەزارەکە ٧٨٠٠ یان لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینن کە لە دوو قەزاو نۆ ناحیە پێکهاتووە و ٤٠٠ هەزارکەس دانیشوویەتی.

کە ئەمەش وای کرد ڕەنگدانەوەی میدیاکان لەم دەقەرە بێت و ڕاگەیاندنەکان جەخت لەو ناوچەیە بکەنەوە.

بەداخەوەش کە ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی قوربانیەکان گەیشتە ١١٠ کەس، لەڕێگای ئەوروپا لە بیلاڕوسیا و کەنارەکانی تورکیا و دارستانەکانی یۆنان وئیتالیا و سنوری نێوان فەڕەنسا و بەریتانیا.

ئایندە/ ئەو ئامارە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە مردنیان ساغ نەبۆتەوە؟

بەکر عەلی/ ئەوانە بێسەروشوێنەکانن کە ژمارەیان ٧٠٠ کەس دەبێت و بەشی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین ٨٠ کەس دەبێت و بەشێکیان لە زیندانەکانی تورکیان کە زۆربەیان لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە غازی عەنتاب و بنەکەکانی دیکەی پۆلیس و

هەندێکیشان لە زیندانەکانی پۆلەندان.

١١٠ هاوڵاتیش گیانیان لەدەست داوە و ٣٦یان لە ئێدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینن.

ئایندە/ ئەی گەڕاوەکان؟

بەکرعەلی/ تا ئێستاش خەڵک دەگەڕێنەوە بەڵام وەک ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٣ نییە کاتێک ٣٧ هەزار کەس لە ئەوروپا لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی پەنابەران گەڕانەوە بەهۆی سەقامگیری و باشی باردۆخی ئابووری هاوڵاتیان.

بەڵام ئێستا ئەو هاوڵاتیانەی کە لە تورکیا دیپۆرت کراونەتەوە، کە جارێکیان ٥٧ کەس بوون وجارێکی دیکە ٧٠ کەس بوون، ئەوە ئامادەسازی دەکەن جارێکی دیکە کۆچ بکەنەوە، بۆیە بەوانە ناگوترێت تەواو گەڕاونەتەوە.

وەک پێشترئاماژەم پێدا ئەو ٣٦ بۆ ٣٧ هەزار کەسەی کە ئارەزوومەندانە گەڕانەوە بۆ کوردستان لە نێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٣ بە مەبەستی جێگیربوون ومانەوە لە هەرێمی کوردستان هاتنەوە و سوود لەو ئەزموونەیان وەربگرن کە لە دەرەوە بەدەستیان هێناوە و بتوانن سوود بە نیشتمان وهاوڵاتیان بگەیەنن و شەرەفمەندانە بژێوی بۆ خۆیان وخاوخێزانیان دابین بکەن.

بەڵام ئەو قەیرانانەی ڕووبان لە هەرێمی کوردستان کرد بووە هۆی بێهیوا بوونی خەڵک بۆیە دەبینین ئەوانیش پەیتا پەیتا کۆچ دەکەنەوە.

کار گەیشتە ئەوەی دوو وڵاتی وەک بەریتانیا و نەڕوێج دەستان بە دیپۆرت کرد وئەوەش کاردانەوەی هەبوو کە هاوسۆزی لێکەوتەوە لە ڕێگای خۆپیشاندان دژی وەستانەوە و گەیشتە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا و چووە ژێرباری مافی مرۆڤ

کەئەوەش ناتوانین بڵێین دیپۆرت نەما بەڵام وەستا لە ژێر فشاری خۆپیشاندانەکان.

بەیدلی دیپۆرتیش قەرەبووکردنی ٣٥٠٠ دۆلار بوو کەوڵاتەکەیان بە شێوەیەکی خۆویستانە جێبهێڵێت وبگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

ئایندە/ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

بەکر عەلی/ سوپاس بۆ ئێوەش.

پرۆفایل:

بەکر عەلی

* سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان

* پیشە: فەرمانبەر.

* پلەی خوێندن: پەیمانگای کارگێڕی.

* چالاکوان لەبواری ڕێکخراوەیی و کارکردن لە بواری کۆچ و پەنابەران، لە ساڵی ٢٠١١ ـەوە.

* دانیشتووی ڕانیە.

دیاردەی کۆچ و کاریگەری و لێکەوتەکانی

هیدایەت قەرەداغی

کۆچ واتە شوێن گۆڕین لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەهۆی هەر هۆکارێکەوە خۆ ویست بێت یان زۆرەملێ هۆکاری سروشتی بێت یان دەست کرد.

هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ هەتاوەکو ئەمڕۆ کۆچ هاوتەریب بووە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ، یەکەمین کۆچی مرۆڤ لەگەڵ سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ، کۆچی باوکە ئادەم و دایکە حەوا بوو لەبەهەشتەوە بۆ سەر زەوی وەك سزایەك لەسەر سەرپێچی فرمانی خودای گەورە، ئیتر لەوکاتەوە مرۆڤ ئاشنای کۆچ بووە تاکو ئەمڕۆ.

وەکو نیشانەمان پێدا کۆچ چەند جۆرە یان ئارەزوو مەندانەیە یان ناچارییە هەرکامێکیان بێت شوێنەوار و کاریگەری خۆی هەیە جاری وا هەیە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریڕیشەیی وەك دروست بوونی دەوڵەتێکی نوێ بۆ نموونە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەریکا، زۆرجاریش دەبێتە هۆی لە ناوچوونی دەوڵەتێك یان تاڕادەی سڕینەوەی نەتەوەیەك کە چەندین نموونە هەیە لەجیهاندا.

زۆرجار کۆچ لەئەنجامی کارەساتی سروشتی ڕوودەدات وەك تەقینەوەی کڕگان و هەڵسانی لافاو یان وشکە سااڵی ..... هتد.

کۆچی دەستکردیش ئەو کۆچەیە کە مرۆڤ هۆکاری

دروست بوونیەتی کە ئەمیش دوو هۆکاری لەپشتە یان ئارەزوومەندانەیە یان ناچاریە.

کۆچی ئارەزومەندانە ئەو کۆچەیە مرۆڤ بەئارەزووی خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی کۆچ دەکات لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەک بەرژەوەندی ئاین یان بازرگانی و دارایی یان زانست یان .....هتد

کۆچی ناچاری وەك کاریگەری ستەم و ژێر دەستی و داگیرکاری و نەبوونی ئازادی ئاین یان ئازادی سیاسی یان سەرهەڵدانی قەیران وەك قەیرانی بێ کاری و برسێتی و سەختی ژیان...هتد

ئەمانەی سەرەوە کەنیشانەمان پێدا کورتەیەك بوو لە پێناسەو هۆکاری کۆچ.

گەربەسی دەرئەنجامەکانی وشوێنەوار و کاریگەریەکانی بکەین ئەوە پێم باشە تیشك بخەینە سەر نەتەوەی کورد کە بەدرێژایی مێژوو کۆچی لێ نەبڕاوە، گەلی کورد لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیا (مادەکان) کورد دوچاری داگیرکاری بۆتەوە ئەمەش سەرچاوەی کۆچی کوردان بوو لەناوخۆی کوردستان وە بۆ دەرەوەی کوردستان بەڵام شان بەشانی ئەمەش شۆڕش و بەرخودانی کورد بەردەوام بووە چ بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆی چ بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و نەتوانەوە لە نێو نەتەوە داگیرکارەکانی دراوسێی [عەرەب و تورك و فارس].

کۆچی کوردان زیاتر بەهۆی سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد بووە یان بەهۆی تەعریب و بەفارس کردن و بەتورك کردن یان زۆرجار بەهۆی شەڕی خۆ بەخۆی کوردان.

ئەمانە ڕاستە کە نەبوونەتە هۆی لەناوچوونی نەتەوەی کورد بەڵام

تاڕادیەك هەندێك كاریگەری هەبووەوەك گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەیەك بەتەواوەتی یان نیمچەیی بۆ نموونە كۆچ كردنی كوردانی شاری موسڵ و دەركردنیان و هێنانی عەرەب بۆ بەشێوەیەك گۆڕاوە كەسیمای كوردستانی پێوە نەماوە لەكاتێكدا موسڵ بەشێك بووە لەكوردستان هەتا كۆتایی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەڵام ناوچەكانی تر كە ئێستا بە ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان ناو دەبرێن هەرچەندە تائەم ساتەش پرۆسەی بەعەرەب كردن بەردەوامە بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە كە كوردیان تیا نەمێنێت یان ببێتە كەمینە.

كۆچێكی تری كوردان كۆچ كردنە بەرەو هەندەران كە پێش ڕاپەرین لەباشور و تا ئێستاش لەسێ پارچەكەی تر بەهۆی باردۆخی سیاسی بووە كە زیاتر ڕوویان لە كیشوەری ئەورووپا و ئەمەریكا كردووە، بەڵام لەباشور كۆچ كردنی كوردان زیاتر بووە ئەویش بەهۆی خراپی باری ئابووری و بێكاری و نارووونی ئایندە و چارەنووس. ئەمەش وەك هەموو دیاردەیەكی تر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، كە باسی لێوەدەكەین.

دەرەنجامە نەرێنیەكانی كۆچ لەباشوری كوردستان:

یەكەم: كەم بوونەوەی ڕێژەی گەنجان كە مەترسیدارە كە گەنج ئایندەی نەتەوەو هێزی كارە.

چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی لێ دەكەوێتەوە. جیاوازی ئاین و فەرهەنگی نەتەوەیی لەو نەتەوانەی كە كۆچی بۆ دەكرێت كە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی ئاین یان داب و نەریتی نەتەوەیی كوردی

دووەم: چـــارەنووسی گەنجان دەکەوێتە مەترسیەوە بەوەی کە بەڕێژەیەکی زۆر ٩٠٪ گـــەنجان بەنایاسایی و ڕێگـــای قاچاغەوە دەڕۆن زۆرجـــار دەبنە هۆی بازرگـــانی پێوەکردن لەڕێگای قاچاخی و مـــافیاکان و تاڕادەیەك گیان لە دەست دانـــی بەلێشاوی گەنجانی کورد.

سێیەم: بـەهـــەردانی سامان و داهاتی نەتەوەیی کـــە سەرف دەکرێت.

چـوارەم: چـەندین کـــێشەی کۆمەڵایەتـــی لێ دەکەوێتەوە. پێنجەم جـــیاوازی ئـــاین و فەرهـــەنـــگـــی نەتەوەیی لەو نەتەوانەی کـــە کـــۆچی بۆ دەکرێت کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی ئـــاین یان داب و نەریتی نەتەوەیی کـــوردی، هەروەها چەندین لێکەوتەی تری لێدەکەوێتەوە.

دەرەنجامـــە ئەرێنیەکانی کۆچ:

یەکـــەم: گـــــەر بتوانرێت بەشێوەیەکی چـــاك ڕێکبخرێت دەتوانرێت کـــــوردانی تاراوگە سودیان لێ ببینرێت لە وڵاتان بۆ دروست کردنی لۆبی و ناساندنی کێشەی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستـــــی جیهان و کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ دۆزی کورد بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوڕوپا و ئەمەریکا.

دووەم: ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان لـــــە دەرەوەی وڵات.

سێیەم: بەدەستهێنانی بڕوانامە و زانست، زۆرجار کۆچ لە پێناو بەدەست هێنانی بڕوانامە و زانستدایە کە ئەمەش خزمەت بە پێشکەوتنی وڵات دەکات.

کـۆچـــی گەنجان، هـــــۆکار و چارەسەر

ماناکـــانی کۆچکردن:

١- **کۆچی مەعنەوی:** کـــــۆچی واتایی و ڕۆحـــــی و دەروونی

مرۆڤه له ماناو زیهن و بیر و پاڵنەره دەروونییه خـــــراپه‌کان بەرەو ئیمان و دەروونێکی ئارام و عەقڵێکی دروست و لاشەیه‌کی تەندروست ؛ کۆچکردنه له تاوان وخراپه‌کاری بـــــەرەوباشـــی و لێخۆشبوون و چاکه‌کاری، کۆچه له مرۆڤێکی کردار خراپ بەرەو مرۆڤێکی کردارچاك و باش.

٢- کۆچی فیزیکی ((لاشەیی)) :
بریتییه له کۆچکردن وجێهێشتنی خـــاك ونیشتیمان بەرەو خـــــاك ونیشتیمانێکی تر، که باسه‌که‌ی ئێمه لەســـــەر ئەم شـــێـــوه کۆچکردنەیه.

بەهانه‌کانی کۆچکردن پێویسته بەهێزبن تاوه‌کو مرۆڤ نیشتیمانی بۆ بەجێ بهێڵێت، هەروەك پێویسته پەیامێکی گـــــەورەو مانایه‌کی شکۆدار و مەبەست و ئامانجی بەرز و دیاری کراو له پشت کۆچکردنه‌که‌وه هەبێت، هەروەك پێـــشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کۆچه‌که‌ی له شاری مەدینەوه بۆ شاری مه‌ککه؛ کۆچ بوو بۆ کۆتایی هێنان به ستەم و زوڵم و بـــــەرپاکردنی ئـــــازادی وســـــەربەستـــــی و بونیادنانی ژیانێکی شارستانی وپێکەوه ژیان و برایەتی و ئاشتی و ئارامی لەژێـــــر خێوەتگەی پـــــەیامی میانڕەوی ئیسلامدا.

هۆکـــارەکانی کـــۆچی گەنجان له باشوری کوردستان

١- قەیرانه‌کانی هـــــەرێـــمـــی کوردستان لەموچه و بودجه و گرفته سیاسی و ئابووریيه‌کان.

٢-بێکاری و دەستنه‌که‌وتنی کار.

ئەو پێداویستییه بنەڕەتییەی که هەموو گەنجێك ئاواتی بۆ دەخوازێت بریتییه له:

- پێکهێنانی ژیانی هاوســـەری.

- بوونی شوێنی نیشتەجێ بوون.

لەگەڵ چارەسەربوونی گرفتە داراییەکان دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و پێدانی پێشینەی هاوسەگیری و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون هاندەر و هۆکارێکی باشە بۆ چارەسەربوونی گرفتەکانی گەنجان و کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچکردن

- بوونی کارێك وەك سەرچاوەی بژێوی ژیان.

٣- نارۆشنی لە داهاتوویەکی پڕشنگدار.

٤-ڕێگادان ودەرگاکردنەوە بۆ وەرگرتنی پەنابەران لەلایەن هەندێك وڵاتی ئەورووپییەوە بە هەر هۆکار و بیانوو و ئەجێندای تایبەت بەم وڵاتانەوە بێت، هاندەری زیاتری کۆچکردن بوون.

٥- چاولێکەری و کاریگەری کۆچی گەنجان لە وڵاتانی تر.

٦- فەرامۆشکردنی گەنجان و گوێ نەگرتن لێیان.

چارەسەرەکانی کۆچی گەنجانی کوردستان

١- چارەسەرکردنی قەیرانەکانی کوردستان.

چارەسەر بوونی ئەو قەیرانانەی کە ڕوویان لە کوردستان کردووە لەسەر دوو ئاستە:

ئاستی یەکەم: چارەسەر بوونی قەیرانە ناوخۆییەکان وەکو موچە.

ئاستی دووەم: کەمبوونەوە و نەمانی مەترسی یەکجارەکی شەری سەپێندراوی داعش لەسەر خاك و سنور و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- چالاك بوون و ئەکتیفکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

لە ئەستۆگرتن و وەرگرتنی دەسەڵات و متمانەپێدانی خەڵك بەرپرسیاریەتی یە لە هەر بارودۆخێکدا بێت، بۆیە ئەرکی حکومەتە بەدوای چارەسەرکردنی

کێشەی دارایی و دابین کردنی مووچەی فەرمانبەراندا بگەڕێت و ڕێگای دروست بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و هاوڵاتیان دڵنیا بکاتەوە و ئاراستەیان بکات، کە ئێستاو ئایندەیان پارێزراوە.

لەگەڵ چارەسەربوونی گرفتە داراییەکان دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و پێدانی پێشینەی هاوسەگیری و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون هاندەر و هۆکارێکی باشە بۆ چارەسەربوونی گرفتەکانی گەنجان و کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچکردن.

٣- دەزگا پەروەردییەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان ببینین لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی گەنجان وەکو مااڵ و قۆناغەکانی خوێندن و نەریت و کەلتوری نێو کۆمەڵگە.

٤-دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئیجابی و ئاراستەی دروست و بەخشینی ئومێد و هیوا بە داهاتوو لای گەنج دروست بکەن.

٥- ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان خەمەکانی گەنجان هەڵبگرن و کێشەو گرفتەکانیان بگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی گەنج .

٦- تۆێژینەوەی زانستی: ئەنجامدانی تۆێژینەوەی تایبەت بە گرفتەکانی گەنجان و دیاردەی کۆچکردن و کاریگەری و هۆکار و ڕێگاکانی چارەسەربوون بخرێتە ڕوو لەلایەن دەزگای تایبەت و لایەنی پەیوەندیدار.

٧- بونیاتنانی تواناکانی گەنجان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەگەڕخستنی تواناووزەکانی گەنج بەباشترین شێوە.

٨- بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و خۆشویستنی وڵات و کۆچ نەکردن لە خاك و نیشتمان.

پڕۆفایل:

هیدایەت جەمال ئەحمەد، ناسراو بە هیدایەت قەرەداغی

* ساڵی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.

* خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسە لە زانکۆی سەڵاحەددین.

* لە چەندین بواری تردا کاری کردووە، دیارترینیان هونەرە لە بواری نواندن لە شانۆ و دراما و فیلمی سینەمایی، هەروەها لە راگەیاندن کاری کردووە و کاری سیاسیشی کردووە.

* لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەتی بڵاوکردۆتەوە و کتێبێکیشی بە چاپ گەیاندووە بە ناونیشانی پێبکەنە و خەونەکانت بڕەوێنە.

* ئێستا مافپەروەرە.

بابه‌تی گشتی

پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە

ئا: موحەممەد عەزیز لۆتەری

خوێندنەوەی یەکەم

پێناسەی زاراوەکە لە ڕووی زمانەوانیەوە: بە عەرەبی بەم زانستە دەڵێن: استشراف المستقبل.

هاوماناکانی ناوی ئەم زانستە: زیاتر لە (دە) هاوماناو موورادیفی هەیە، لەوانە:

- زانستی ئایندە.
- توێژینەوە ئایندەییەکان.
- توێژینەوە بیانییەکان، البصیرة.
- لێکۆڵینەوە سیاسیەکان.
- هەواڵدانی نەخشەکێشی.
- جوڵانەوە ئایندەییەکان.
- تێڕوانینی خوازراوی ئایندەیی.
- هەواڵدانی مەرجداری ئایندەیی.

- خوێندنەوەی ئایندە.

لەساڵی ١٩٧٥ز دا کۆمەڵەی ئایندە ڕاپرسیەکی کرد لەسەر زاراوەی هەڵبژاردە، ئەندامەکان دوو زاراوەیان پەسند کردن، ئەوانیش:

- لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان.
- توێژینەوەی کاروبارەکانی ئایندە.

ئەنجومەنی وەزیرانی سوید لە ساڵی ١٩٧٤ز دا زاراوەی زانستی ئایندەی ڕەت کردەوە، بەو پێیەی کە هێشتا لێکۆڵینەوەکانی لە قۆناغی گریمانەی نەسەلمێنراودا بوون.

ئیستیشراف لەزمانی عەرەبی دا بە کەسێک دەگوترێ کە لە سەر شوێنێکی بڵند ڕاوەستێ

مەبەست لە خوێندنەوەی ئایندە ساغکردنەوە و بەدواداچون و پێشبینی و هەواڵدان و وێناکردن و پشکنین و تێڕوانینی داهاتووە

و سەیری هەموو ئەوشتانە بکا کە لە خوار خۆیەوەن، کە واتە ئیستشراف سەرپەرشتی کردن و سەیرکردن و ئاڕاستەکردنی کەسێکە کە لە بڵندایی یەک وەستاوە بۆ کەسان وچەند شتێک وکارێک کە لە خوارخۆیەوە ڕوو دەدەن، وە موستەقبەل بەو کات و زەمانە دەگوترێ کە لە دوای ئێستا دێ.

کەواتە مەبەست لەخوێندنەوەی ئایندە ساغکردنەوە و بەدواداچون وپێشبینی وهەواڵدان و وێنا کردن وپشکنین وتێڕوانینی داهاتووە.

بەڵام ئەم زانستە لە ڕووی زاراوەییەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە، لەو پێناسانە:

١- کۆمەڵە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکە کە پشکنین بۆ ئەو کێشانە دەکا کە لەوانەیە لەداهاتوودا ڕووبدەن، وە هەواڵ لەبارەی ئەو دۆزەوە بەپێی ئەو چارەسەر و شیکارییانەی کە دەکرێ بە ڕیزبەندی لە گرنگترینەوە دیاری بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە چاوەڕوانکراوە.

٢- ئیجتیهاد و هەڵێنجانێکی زانستی ڕێکخراوە، بەئامانجی دارشتنی کۆمەڵێک پێشبینی مەرجدار، یان ئەو سیناریۆیانەی کە هەموو بوارە سەرەکیەکانی یەکێک لە کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە.

٣- کۆشش و تەقەللایەکی بەدواداچونی بنچینەییە، کە چەند تێڕوانینێکی جیاوازی داهاتوو لەخۆ دەگرێ، وە هەوڵدەدا کە پەیوەندیەکانی ئایندەی ئەو کالا و ڕژێمە ڕەسەن و لاوەکیانە بزانێ

له جیهانی پەرەسەندوودا.

٤- زانستێکی نوێیە، هەوڵ دەدا چەند ئەگەر و گریمانەیەک پێشبینی بکات کە لەوانەیە ڕووبدەن، هەروەها گرنگی بەو گۆڕانکاریانە دەدا کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەوگریمانە پێشبینی کراوانە، کەواتە زانستی ئایندە مەبەستیەتی کە چەند وێنایەکی نزیک کراوەی پێشبینی کراو گەڵاڵە بکا بۆ داهاتوو بە ئەندازەی تواندراو.

٥-دیاریکردنی وێنا و شێوەی داهاتووە لەبواڕێک یان زیاتر لە بواڕێک لە تێوێژینەوەی کۆمەڵایەتی دا، لە ژێر تیشکی چەند پێزانینێکی وردی زانستی، وە بە بەکارهێنانی هۆکار و شێوازی نوێی زانستی، لە چوارچێوەی ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە بیست ساڵ زیاتر نەبێ.

٦- بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیە بەوحاڵەی کە لە مەولا لە بەیانی دادێ، وە ئەنجامدانی چەند تەقەللا و هەنگاوێکی پێویستە، بۆ گەیشتن بە بڵندترین پلەکانی سەرکەوتن لەو ئامانجە دیاری کراوانەدا.

زانستی داهاتوو، بەشێوەیەکی گشتی، کار دەکات بۆ سەرپەرشتی کردنی داهاتوو لەچوارچێوەی هەوڵێکی زانستی ڕێکخراو، بۆگەیشتن بە دارشتنی کۆمەڵێکی پێشبینی مەرجدار، کە لە چەند تیۆر و گریمانەیەک لەبارەی ڕابردوو وئێستاوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ ئاشکراکردنی هاتنە ناوەوەی چەند توخمێکی ئایندە بۆ کۆمەڵگا، یان بۆ ئەو دیاردە دیاری کراوە.

٧- تێڕوانینی داهاتووی پەروەردەیی: کۆمەڵە بنەما وبنچینەوڕێساوهەڵسوکەوتێکە، کە بە هۆیەوە ڕژێمەکانی بواری پەروەردەوفێرکردن هەموار دەکرێن بۆ ئەوەی بە لێهاتوویی‌یەوە

وەڵامی داخوازیەکانی جیهانگیری و کێشە سیاسی و ئابووری وهونەری و ژیاریەکانی بدەنەوە.

٨- خوێندنەوەی داهاتوی پەروەردەیی: تێڕوانینێکی ئایندەی هۆشیار و ڕەخنەگرانەیە بۆ گۆڕانکاریە جیهانی و ناوچەییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە دەتوانرێ لە سروشتی ئەو دۆزە پێشبینی کراوانە و شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر پەروەردە بزانین و بتوانین بژاردە و توانا بەردەستەکان دیاری بکەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەیدانداریانە و زاڵبوون بەسەر ئەو لەمپەرانەدا، وە توانینی پەرەپێدانی کاری پەروەردەیی و گونجاندنی لەگەڵ داواکاریەکانی پەرەسەندن و بەردەوامی پێدانی لە داهاتوودا.

ئەم هەشت پێناسە، دکتۆر محمد عبدالرحمن مدنی کۆی کردوونەوە.

سەکۆی وڵاتی ئیمارات بۆ خوێندنەوەی ئایندە ئەم دوو پێناسەی هێناوە:

١- خوێندنەوەی ئایندە هەوڵ و کۆششێکی فکری زانستی قوڵە، لەسەر ئاماژەکەرەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی و چەشن بنیات نراوە و هەڵبژێردراوە بەپێی چەشنی بواری لێکۆڵینەوەکە، مەبەستیش گەیشتنە بەهەواڵدار بوون لە ئایندەی دیاردەیەکی دیاری کراو، لەچوارچێوەی خستنەڕووی چەند گریمانە و جێگرەوەیەک کە لە ڕووی توانا و ڕوودانیان دا جیاوازن.

٢- هەوڵدانی ئاشکراکردنی ئایندەیە، بەگوێرەی ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکان، بە بەکارهێنانی شێوازی چتەندایەتی، کە پشت بەخوێندنەوەی ئاماری ژمارەکانی ڕابردوو و ئێستا دەبەستێ، یان

پشت به چۆنایەتی دەبەستێ و دەرەنجامی بەڵگەکانی لە خوێندنەوەی بیروبۆچوونەکانی چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان دەردێنێ.

خديجة أحمد محمد بامخرمهفی لە پێناسەی ئەم زاراوەیەدا نووسیویەتی:

١- لە ڕووی زمانەوانیەوە، ئیستشراف دەست لە پشت چاودانانە تا سێبەر بۆ چاوی بکا و شتەکە بەڕۆشنی ببینێ، وەزۆر جار ئەم ڕوانینە لەشوێنی بەرزەوە دەبێ، شورفە واتە بانیژە و پێش بان.

٢- پێناسەی چەمکی خوێندنەوەی ئایندە: کۆمەڵە چالاکیەکە کار دەکا بۆ چاکترکردنی کرداری دروستکردنی بڕیار، ئامانجی سەرەکی خوێندنەوەی ئایندە لەو شاراوەتەوە کە خۆت لە هەڵوێستێکی بەهێزتردا ببینیەوە لە ئایندەدا و لە ئامادەباشیدا بیت بۆکۆمەڵێک ڕووداوی پێشبینی کراو لە داهاتوودا، لە تێگەیشتنی ئێمەدا یەک ئایندە نیە، بەڵکو چەندین ڕووداوی پێشبینی کراو کە دەکرێ لە ئایندەدا ڕووبدەن، کاری ئێمە ئەوەیە کە ئامادەکاریمان کردبێ بۆڕووبەڕووبوونەوەی ڕوودانی هەر یەکێکیان کە ڕووبدەن لە داهاتودا، ئایندە بینی تەنیا بە دیاریکردنی مەترسیەکانی ئایندەوە ناوەستێ، بەڵکو لە دەستەبەرکردن وهێنانەدی هەلی ئایندەش دەگەڕێ کە بەدەستی بێنێ.

٣- زانستی ئایندەی هاوچەرخ زانستێکی نوێیە، لەسەرەتای سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە، لە دەرەنجامی بەرهەمهێنانی خوێندنەوەی ئایندەی تاکەکەسی وگرنگی دان و نەخشەکێشان بەم زانستە، وە سوود بینین لە پێشکەوتن وبیرکردنەوەی

زانستی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لای خودایە، بەڵام پەیکەری سیناریۆی ڕووداوەکانی پێش قیامەت وپاش ڕووداوانی قیامەت تاخەڵک دەچنە بەهەشت و دۆزەخ هەمووی لە قورئان و سوننەتدا هەیە

بە بەرنامە و تۆڕێنەوە لە دیاردە هەمەچەشنەکان بە هۆکارە زانستیە پەرەسەندووەکان کە لە ژێر سایەی شۆڕشی پیشەسازیدا داهێنراون.

٤- زانستێکی نوێ و کۆششێکی زانستی ڕێکخراوە، لە ڕابردوو و ئێستا دەکۆڵێتەوە بۆ خوێندنەوە و پێشبینی کردنی ئایندە، لە چوارچێوەی سونەتەکانی ئەڵڵاهـ لەناودروست کراوەکانیدا، هەروەها پشت بە نوێترین داهێنانەکانی بواری ئابووری وتەکنەلۆژی دەبەستێ، بۆ زانین و وێناکردنی شێوازی ژیانی جیهان لە دوای دەساڵ وبیست ساڵی تر.

٥- خوێندنەوەی ئایندە لە ڕووی شەرعەوە: خوێندنەوەی ئایندە لە شەرع دا ئەگەری ڕاستی پێکان و هەڵە کردنیشی هەیە، مەگەر ئەوەی کەلە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، هەر بۆیە لە سونەت دا ئیماندار هەڵنراوە کە بۆ کاروبارەکانی داهاتووی نوێژی ئیستیخارە بکا، چونکە بێجگە لە خوای گەورە کەس پەنهان و شاراوە وغەیب نازانێ.

بێگومان کە ئایندە لەو بوارانەیە کە زانینی شاراوەیە لە مرۆڤ وزانینی ڕووداوەکانی تەنیا خودا دەیزانێ، وەک دەفەرموێ:

: ﴿إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَداً، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ، إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (لقمان / ٣٤).

- زانستی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لای خودایە، بەڵام پەیکەری سیناریۆی ڕووداوەکانی پێش قیامەت وپاش ڕووداوەکانی قیامەت تاخەڵک دەچنە بەهەشت و دۆزەخ هەمووی لە قورئان و سوننەتدا هەیە.

- زانستی چۆنێتی چڕبوونەوەی هەور و ساردبوونی و پیتاندنی و کاریگەری با لە کرداری باران بارێندا هەمووی لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە، پێشبینی باران بارین، زانینی غەیس وبارینی فریادڕەس نیە، هەروەک چۆن هەڵدانی نیشانەکانی ساعەت و قیامەت، واتای زانینی کاتی ڕۆژی قیامەت نیە.

- زانینی نێری و مێیی کۆرپەلەی ناو منداڵدان واتای زانینی ئەوە نیە کە مرۆڤ بزانێ ئەو کۆرپەلەیە کەسێکی باش یان خراپ، زەنگین، یان هەژار، زانا یان نەزان، تەمەن درێژ یان تەمەن کورت، زۆردار یان زۆرلێکراو.. هتد دەبێ.

- کارمەندی مرۆڤ لە بەڕێوەبەرایەتیەک و دیاری کرانی کاتژمێرەکانی کارەکەت مانای وانیە کە تۆ بزانی کارێکی نەخوازراوت نایەتە پێش و هەرئەو کارە دەکەی.

قورئان هەڵمان دەنێ کە کاروکردەوەی باش پێش دەستی خۆمان بخەین، دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَاقَدَّمَتْ لِغَدٍ) (الحشر / ١٨)

ئەم ئایەتە فەرمانمان پێ دەکا کە پارێز بکەین و خۆ لە کارەساتی لە ناکاو لادەین، پشت بە خودا ببەستین و هەوڵ و کۆشش بکەین و نەخشە بۆ کارەکانی داهاتومان دانێین، ڕەسولی ئەکرەم (ﷺ) شەو و ڕۆژ لەبیری داهاتوی دەوڵەتی ئیسلام دابوو، کەیارانی نارەحەبەشە و چووە تائیف و لەکاتی حەج دا دەچووە لای تیرە و خێڵەکان هەموو لەوچوارچێوەی

نەخشەکێشانەدا بوو.

هەروەها لەفەرموودەکانیش ئەم خوێندنەوەی ئایندەیە زۆر ڕەنگی داوەتەوە و باسی کراوە (لِيَبْلُغن هذا الأمر ما بلغ اللَّيل والنَّهار، ولا يترك الله بيت مَدَرٍ، ولا وَبَرٍ، إلَّا أدخله اللهُ هذا الدِّينَ، بعزِّ عَزِيز أو بذُلِّ ذَليل، عزًّا يُعزُّ اَللَه بهَ الإسلامَ، وذُلًّا يُذَلُّ اَلله بَه الكفر) (رواه الإمام أحمدَ والطبراني والبيهقي).

تەنانەت لە زۆر ڕووداوی کەسیشدا خەمی ئایندەی تاکەکانی بووە، ئەوەتا بەو پیاوەی کە دەی ویست زۆری ماڵەکەی بکاتە وەسیەت و خێر فەرمووی: (إِنَّكَ أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ...) (رواه البخاري ومسلم).

هەروا لە ژیانی پەیامبەر یوسف (علیه السلام) و ئەو نەخشە و پلانە تۆکمەی بۆ پاشای میسری دارشت و لەو قەیرانە ئایندەی کە بەرۆکی جیهانی گرتبوو فریایان کەوت: (يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ، قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ، ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ، ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ) (يوسف / ٤٦ ـ ٤٩).

تۆژینەوەکانی خوێندنەوەی ئایندە بۆ زانینی هەواڵەکانی ئایندە نیە، بەڵکو بۆ بەرچاو ڕوونییە بەکۆمەڵێک جێگرەوەی پێشبینی کراوە کە یارمەتی هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە دەدا بۆ داهاتوویەکی باشتر.

خوێندنەوەی ئایندە کەهانەت وفاڵچێتی و زانینی زانستی شاراوە نیە، وەکەس باوەڕی بەوە نەبێ بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ئەم زانستە دەتوانین ڕووداوەکانی ئایندە بزانین، بەڵکو پێشبینی چەند ئەگەرێکە کە لەوانەیە ڕووبدا بەڕێژەیەکی جیاواز و ئامادەباشی کردن بۆهەموو پێشهاتێک، بەپێی پەیڕەوێکی زانستی و هەوڵی بنیادنانی شێوازێکی ئاشکرا بۆ پێشهاتەکە، ئەمەش لەسەر بنچینەی پێزانینەکانمان لەسەر کاودانی سروشتی و زیندەگی ئەو جیهانەی تیایدا دەژین.

مەبەستی تۆێژینەوەی خوێندنەوەی ئایندە، دابینکردنی چوارچێوەیەکی کاتی دریژخایەنە بۆ ئەوبڕیارانەی کە ئەمڕۆ دەیدەین.

لە ئەنجامی تێگەیشتنمان لە پێناسەی زاراوەی ئایندەبینی لە ڕووی زمانەوانی و زانستی و شەرعیەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئەم زانستە بانگەشە نیە بۆ زانینی غەیب کە ئەم زانینە تەنیا خودا دەیزانێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئایندە و ئەمەش سیفەتێکە کە ئادەمیزاد خوی پێوە گرتووە.

خوێندنەوەی ئایندە، پێچەوانەی بێ سەرەوبەرەییە، وە دژی خۆڕادەستکردنە بۆ ئەو خواستانەی دەوروبەربەسەرتدا دەسەپێنێ، وە ئەم جۆرە تۆێژینەوانە دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دووربین و بەرنامەڕێژکراو و خاوەنی بڕیارگەلێکی بەرچاو ڕۆشن و بە بەرنامە بۆ داهاتوویەکی باشتر، چونکە هەموو بڕیارەکانی کە ئەمڕۆ دەدرێن کاریگەریان لە سەرداهاتووی خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان هەیە.

لە پێناوی بێ لایەنی خوێندنەوەی داهاتوو، نابێ تەنیا

ئەو پێشبینیانە چاوەڕێ بکەین کە حەزمان لێیانە و لەبەرژەوەندیمانن، وە نابێ ئەو پێشبینیانە لە بیرخۆمان بەرینەوە و هەرگیز چاوەڕێیان نەکەین کە حەزمان لە ڕووداندا نیە و هەراسانمان دەکەن، بەڵکو دەبێ هەردوو پێشبینیەکە بۆ داهاتووی خۆمان چاوەڕێ بکەین، ئەوجار کۆمەڵە بڕیارێکی بەرنامەڕێژکراو و لێ تووێژراوە بدەین بۆ خۆلادان لە پێشبینە هەراسان کەرەکان و دەستەبەر بوونی پێشبینیە داواکراوەکان لەسەر ئاستی ئایندەیەکی دووردا.

خوێندنەوەی داهاتوو، نە چاککردنی ڕابردووە و نە کەم کردنەوەی هەڵەکانی ئێستایە، بەڵکو وێناکردنی داهاتووە بەشێوەیەکی نموونەیی وباڵا، ئەم نموونەییە لەژیانی داهاتوودا پێویستی بە نەخشەیە، نەخشەکە کارێکە لە ئێستادا دەکرێ، بۆیە ئێستا بناغەی ئایندەیە، چونکە ئێمە لە ئێستادا بە کردەوە و نەخشەکانمان داهاتوو بنیات دەنێین.

کەواتە ئەو نەخشەیەی لە ئێستا بۆداهاتووی دادەنێین، ئایندە بین ئێستا چاک ناکا، بەڵام هەوڵ دەدا داهاتوو لە هەڵەکانی ئێستا پەنابدا، وە هەوڵ دەدا سەرکەوتنەکانی ئێستا بە شێوەیەکی باشتر و تۆکمەتر و ماوەی درێژتر لە داهاتوودا دووبارە بکاتەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە دوو هۆکار دەبێ:

یەکەم: فراوانکردنی بواری تووێژینەوەکانی ئایندەبینی و خوێندنەوەی ئایندەی پەرەسەندنە پێشبینیکراوەکان و دەرەنجامەکانیان و چۆنێتی جێ بەجێ بوونیان.

دووەم: گەشەکردنەکە پشتی بەستووە بە شارەزایی و بەرچاوڕوونی و ئەندێشە و بۆچوون و زیرەکی و بیرکردنەوە

ئایندەبینی گرنگی بەناسینی پێشهاتەکانی داهاتوو دەدا، دەرەنجامەکانی چەند ئەگەرێکی هەمەجۆرن، بۆیە ناتوانرێ تەنیا یەک دەرەنجام دیاری بکرێ

و تێگەیشتن و تواناکانی مرۆڤ و ڕاهێنانی مرۆڤ لە سەر شێوازەکانی ئاماری چەندێتی و توانای لاسایی کردنەوە و بەراوردکردن، ئەمانە ڕێ بۆ سەرکێشانی بەڕێوەبردن خۆش دەکا تا هەموو پێوانەکان گەشە پێ بدەن کە دەتوانرێ لە چوارچێوەیاندا مرۆڤەکان بگەنە باشترین شێوە لە ئایندە.

ئەگەرچی زانستی خوێندنەوەی ئایندە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی نەخشەکێشانی ئستراتیژی، بەڵام بە چەند جیاکەرەوەیەکیش لێی جیا دەکرێتەوە.

ئایندەبینی گرنگی بەناسینی پێشهاتەکانی داهاتوو دەدا، دەرەنجامەکانی چەندئەگەرێکی هەمەجۆرن، بۆیە ناتوانرێ تەنیا یەک دەرەنجام دیاری بکرێ.

نەخشەکێشانی ستراتیژی، واتە یەک ئامانجێکی دیاریکراو لە ڕابردووەوە وەهەوڵدان بۆگەیشتن بەو تاکە ئامانجە، کەواتە لێرە ئایندەبینی دەتوانێ هاوکاریەکی گەورە بە نەخشەکێشانی ستراتیژی بکا.

جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوانە لەوەدایە کە دەبینین زۆرێک لەوڵاتانی پێشکەوتوو، هەوڵی گەیشتن بە بەرەوپێشچوون وداهاتوویەکی دڕێژدەدا و نەخشەی پێشوەختی بۆدەکێشێ، نەک چاوەڕێی ئەوە بکا کە چەند ئەگەرێکی پێشبینی کراو و چەند بارودۆخێکی نەخوازراو ئەم نەخشەی بەسەردا بسەپێنن.

وە پێشەنگی هۆشیار و متمانەپێکراو بۆ داهاتووی ڕۆڵەکانی، دەرک بە لێپرسراوێتی

خۆی دەکا بەرامبەر نەوەی داهاتوو، هەروەها ڕۆڵی خۆشی پشت گوێ ناخا لە جێ بەجێ کردن و دابینکردنی پابەندیە هەنووکەییەکانی بەرامبەر میللەتانی ئەمڕۆ، وەیارمەتی دەدا لەسەر ئاشکراکردنی کێشەکان پێش تەقینەوەیان و بە قەیران بوونیان، ئامادەی ڕووبەڕووبونەوەیان دەبێ و زیان و مەترسیەکانیان کەم دەکاتەوە بۆ ڕێژەی کەمترینی توانراو، هەروەک ئەو دەزگایەکی فریاکەوتنی خێرابێ، بۆ ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەرحاڵەتێکی تەنگاوی و لەناکاو و مەشق کردوو لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی دا.

نەخشەکێشان بۆ دروستکردنی ئایندە بۆ هەموو تاکێک زۆر پێویستە بۆ بنیاتی دەوڵەتان و گەشەی داهاتوویان لە هەموبوارەکانی ژیاندا.

خوێندنەوەی داهاتوو ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە لە خولیای مرۆڤایەتی دا، خەونی باوکمان ئادەم (علیه السلام) نەمری و دەسەڵاتی زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەش کە لەوە ئاگادار کرابوو کە لەو درەختە نەخوا.

خوێندنەوەی داهاتوو، پێویستە بۆ بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگا و گەشەپێدانیان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی و زانستی، چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە نەتوانێ نەخشەی هەنگاوەکانی داهاتوو بکێشێ لە خەمەکانی ئەمڕۆیدا نقوم دەبێ، وە لە ڕۆشنبیری ڕابردوویدا دیل دەکرێ، بۆیەش دەبێتە بارمتەی دواکەوتوویی، ئەمەش هیچ کۆمەڵگایەک لەم ڕۆژگارەدا حەزی پێ ناکا..

خوێندنەوەی دووەم

ئیسلام و چەمکی زانستی ئایندە:

گرنگی دانی مرۆڤ بە ئایندەبینی، خولیایەکی ڕەسەن و دێرینی مرۆڤە، هێندەی بوونی مرۆڤ کۆنە، ئەوەتا تەواوی پەیامهێنەران جیهانبینی خوێندنەوەی داهاتوویان بۆ گەل و ئوممەتەکانیان هێناوە و لەم بوارەدا ڕێنما و پێشەنگ بوون، هەواڵی ڕووداو و ئاڵۆگۆڕی داهاتوو و ئایندەیان پێ گوتون، خەون و هێماکانیان بۆ لێکداونەوە، نەخشەی پێشوەختی پارێزبەندیان لە کارەساتەکان پێشانی بڕوادارانیان داوە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە پەروەردەی هەبووە، مەبەست لە پەروەردەش گەیاندنی مرۆڤە بە مرۆڤێکی کاملّ، جا کە مرۆڤ وێنایەکی تەواوی بۆ ئایندەی خۆی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە لا پەیدابوو، وە ویستیشی بۆ دابین بوو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجە، بەم شێوە ئەو مەبەستەی ئایندە جوڵێنەر و چالاککەر و پاڵنەریەتی بۆ گەشەکردن، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێک ئەم دینەمۆ جوڵێنەرەی ئایندەبینیەی هەبێ تاهەمیشە خەریکی دەستی خۆپێشخستن بێ بۆئەو بەیانیەی کە جوڵێنەریەتی بەرامبەرهەموو چاکە و بنیاتێک و لادەریەتی لە هەموو بەدکاری ونەفامیەک: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ (الحشر/ ١٨). چاوەکانتان لە سەر دواڕۆژی نەبڕاوەتان بێ، کە دینەمۆی داهێنانی هەموو بەها پیرۆزەکان و ڕەوشتە جوانەکان و ئاکارە بەرزەکانە.

لە قورئانی پیرۆزدا، ئایەتەکانی ئاسۆی دوور بۆ

گرنگیدان بـــه ئاینده ده‌که‌نه‌وه، هەر له ڕۆژانی مه‌ککه‌دا له گەرمەی تێکشکانی ڕۆمه‌کاندا باسی سەرکەوتنی ڕۆمه‌کانی ده‌کرد دوای ده‌سالّ: (الم * غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ(الروم/١-٣).

نه‌ک هەر ئـــه‌وه‌نـــده، به‌ڵکو ئاماژه‌ی به سەرکەوتنی ئیمانداران و شادبوونیان بـــه سەرکەوتنی خودای تێدایه.

به‌ڵکو پەیامبەر (علیه السلام) له نـــاخۆشتـــریـــن ڕۆژانی ئیسلامه‌تیدا مـــژده‌ی ئەوه‌ی به یارانی دابوو که گەنجینه‌ی فارس و ڕۆم ده‌که‌وێته ده‌ستیان.

وه چـــه‌ند ئاماژەیه‌کی تر بۆ پێشهاته خۆش و ناخۆشه‌کان، تا ببنه نیشـــانه‌ی هۆشیاربوونه‌وه‌ی مسوڵمـــانان و خۆیان له پێشهاته خراپه‌کـــان دوور بخه‌نه‌وه و به شوێن پێشهاته خۆشه‌کانه‌وه بن، ئەوه‌تا به حەسەن ده‌فەرموێ ئەم نەوەی مـــن سەروەره و پێکهاتن له نێوان دوو دەسته‌ی مسوڵمانانداا ده‌کـــا، به‌عەمـــار ده‌فەرموێ دەسته‌ی یاخیه‌کان ده‌یـــکوژن، به خێزانه‌کانی ده‌فەرموێ یه‌کێک له ئێوه ســـه‌گی حەواب پێی ده‌وه‌ڕێ.

پەیامبەر و پێشەنگی ئیسلام (علیه السلام)، نەخشـــه کێشی کۆچـــڕەوی یارانی بوو، وه‌کو باڵوێز به‌ڕێی کردن، ئاڕاسته‌که‌ری ئەو نامه و پەیامانه بوو که ئاڕاسته‌ی پاشا و سەرۆک و فـــەرمانڕەواکـــانی ده‌کـــردن، نەخشه‌کـــانی ئـــەو سەرمەشقه ده‌ری ده‌خـــا کـــه ئەو به هیچ

گەشەی به‌رده‌وام، پێویستی به پلانی ئاینده‌بینی به‌رده‌وام هەیه، ئاینده بینی به‌رده‌وام پێویستی به پێشکەشکردنی گریمانه و تیۆر و بۆچوون و به‌راوردی به‌رده‌وام هەیه

شێوەیەک بێ سەرەوبەرەیی قبوڵ نەبووە، هەمیشە لەگەڵ پلانی درێژخایەن بووە، بۆ هەرهەنگاو و کارێک بڕیاری شیاو و نەخشەی تۆکمەی بۆ داناوە و هۆکارەکانی بۆ دابین کردووە، توانیویەتی بەو توانا کەمەی مرۆڤی و ئابووریە کەمە بەها و سەنگی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی ڕۆم و فارس هەر زوو ببێتە زمانەی دوو تای تەرازووەکە، نامەکانی لەسەر ئەو بنچینەیە بۆ ئاڕاستە کردن، نەخشە کێشی بناغەی ئیسلام سەلماندی کە نەخشە و پلاندانان، نەک هەردژی پشت بەستن و تەوەکول بە اللە نین، بگرە تەواوکەری ئەو بنەمایەن، هەر بۆیەئەوەهەزار و چوارسەدوپەنجا ساڵە باڵەکانی ئەم ژیار و شارستانیە هەر درێژ دەبنەوە و لەگەڵ هەموو پێشهاتەکان خۆ دەگونجێنن.

گەشەی بەردەوام، پێویستی بە پلانی ئایندەبینی بەردەوام هەیە، ئایندە بینی بەردەوام پێویستی بە پێشکەشکردنی گریمانە و تیۆر و بۆچوون و بەراوردی بەردەوام هەیە، ئەمانەش پێویستیان بە ئەزموونی بەردەوامە، ئێمە دەزانین کە داهاتووش وەک ڕابردوو بە ئەندازەگیریەکان وقەڕارە دیاری کراوەکان بەڕێوە دەچێ، ئایندەبینی دژ وەستانەوە بەقەزاوقەدەر نیە، بەڵکو گۆڕینی قەدەرێکی خودایە بە قەدەرێکی ڕێکخراوتر و هەموارتر، دەست گرتن و گۆڕانکاری لە هۆکارەکان بەشێکە لە قەدەری خودا، وەک عومەر فەرمووی کە لە تاعونی شام بەرەو مەدینە ڕایکرد: ئێمە لە قەدەری خودا ڕادەکەین، بۆ قەدەرێکی تری خودا.

نەخشەو پلاندانانی ئایندەبینی، زیادەڕەوی و زیادە خەرجی و بەفیڕۆچوونی سامان کەم دەکاتەوە، ئاشکراشە کە سامان بەفیڕۆدەران وەک قورئان دەفەرموێ، بۆ ئەوانەی کە ئیسراف دەکەن، ئەوانە برای شەیتانەکانن،

کـــــەواتە دەست گرەوە و سامان بە فیڕۆنەدەران کەسانی بەئیمانن. نەخشەوپلانی ئایندە، میللەتان بەرەو ئاســـــۆ فراوانی و گەشە سەندن دەبـــا و چـــارەنووسیان پڕشنگدارەکـــات، خوێندنگای ئـــەزموونگەری و بەراوردکاری وشکاندنی ئەفسانە و تێگەیشتنە دەقبەستووەکـــان بە شۆڕشی خوێندنەوەی نـــوێ بۆ ئێستا و ئایندەی بوونەوەر و مرۆڤ ومادده و وزە وای کـــرد شۆڕشـــی پیشەسازی هەڵبگیرسێ و کودەتا گەورەکە لە چـــارەنووســـی مـــرۆڤایەتیدا بەرپا بکـــات، تووێژینەوەی هەموو پێشبینیکراو و ئەگـــەرەکان و باشـــتـــر و باشترینەکان لە داهاتووی نزیک و دووردابوو کە ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی، ئەم بازدانە هەموو بوار و شتەکان بەرەو داهێنانی جوانتر و باشتر دەبا و بازنە وەهمیەکانی بەناو بەرژەوەندیە خولاوەکان دەشکێنێ.

خۆپەرستی و نەریت پەرستی و هـــاوکێشەی دەقبەستووەکانی هەموو بـــوار و زانستەکـــانی لەبەریەک هەڵتەکاندن و ئـــەوەی بە سەدسالّ مـــــرۆڤ لە بارەی بنچینەی پێکهاتەکان زانـــــی، بیروبۆچوونی هەزاران ســـــالّی مرۆڤایەتی گۆڕی، چەندان ڕێسا و بنچینەی هەزاران سالّەی وەک شاخ چەسپاوی کردە بلّقی سەرئاو.

هەمواری هاوکێشە میانڕەوەکانی ئایندەبینی لەوەدایە کە:

- بەڵگـــە و سەلمێنراو و پێزانین و ئەزموونی زانستە سروشتیەکان پشتگیری تەواوی لێبکەن و یەکتر تـــەواو بکەن و زەمینە خۆش کـــەربن بۆ گەڵاڵە کردنی ئەو ڕێسا و هاوکێشە گشتگیرە.

- ئەم هاوکێشە و ئایندەبینییە لە کاتی جێ بەجێ بوونیدا لەخزمەت مەبەستەکـــان و مەقسەدەکانی شەریعەت و دینەکـــــان دابێ، کە هـــەموو شەرع و دینەکان بۆ

پاراستنی ئـــەو دوازده مەبەستە هاتوون کەلە بابەتی بنچینەکانی سەروەریـــــدا بە درێژی باسم کردوون.

- هەماهەنگی ئەم خوێندنەوانەی ئایندە لەگـەڵ سونەتە گەردوونی و ڕێسا و تایبەتمەدیە سروشتی و مرۆڤایەتیەکـان کە ئەم ڕێسایانە دیاردە و ڕووداوەکـان ڕیزبەند دەکەن وەک ڕیزبەندی هۆکار و کـــارەکـــەی و پێشـــەکی و دەرەنجامەکـــەی و ئامراز و مەبەستەکـــەی، ئەم سونەتانە وەک زمـــــانی گەردوون و بوونەوەرن، هـــەر کۆمەڵگایەک ئەم زمانە نەزانێ لەگەردوون و سروشت و دیاردەکانی تێ ناگا و ناتوانێ ڕامیان کا بۆ بەرژەوەندی خۆی، خودا دەفەرموێ،{وَلا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلا} (الاسراء: ٧٧).

بووژانەوەی هـــاوچەرخی ئەم زانستە لەڕۆژئاوادا:

یەکـــێک لە شارەزایانی ئەم بـــــوارە دەڵـــێ: ئێمە ناتوانین کەهەنەتی ئایندە بـــکەین، بەڵام دەتوانین ئایندە بۆ خۆمان دروست بکەین، هەرچەندە کە تۆێژەرانی ئەم بوارە ڕێک نەکەوتوون کە خوێندنەوەی ئایندە هونەرە یان زانستە، یان تێکەڵەیەکی هەموو زانست و هونەر و ئەزموونەکانە کە پێدەچێ ئەوەی سێیەمیان بێ، چونکە داهاتوو تەنیا یەک بژاردە و پێشبینی و ئاڕاستە و بوار نیە، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر پێشبینی و بوار و ئاڕاستەیە.

یەکەم کەســـی هاوچـــەرخ کە ئاماژەی بەم زانستە کردبێ:

١- «هربرت جورج ویلز» ە کـــە خاوەنی ڕۆمانە زانستیە ئەندێشە ئامێزەکانە، وەیەکەم کەسە کە زاراوەی زانستی ئایندەی بەکار هێناوە لە کتێبە دانراوەکـــانی:

پێکهاتنی مـــرۆڤ (١٩٠٢) یۆتۆبیای نوێ (١٩٠٥)، شێوازی شتەکانی ئاینده (١٩٣٣).

٢- کولن گلیـــفلان (Coln Glihlann) ئەم زانستەی نـــاونا «منتولوجي» (Mellontology) - کە وشەیەکی یۆنانیە و لە وشەی ئایندەوەرگیراوەلەوتوێژینەوەیەی پێشکەش بەدانشگای کولومبیای کرد لە ساڵی ١٩٢٠.

٣- زانای ئەڵمانی ئەوسیب فلختایم داوای خوێندنی وانـــەی زانستی ئایندەیی لە ســـاڵی ١٩٤١ لـــە خوێندنگاکان کرد.

ئەکادیمی وبواره سەربازیەکان هەر زوو لەم بواره ئەسپی خۆیان تاودا، لە بەربوونی پێشبڕکێی چەکسازی وهەژموون، چەندین ڕێکخراو و لیژنە و گۆڤاریان بۆ بواری ئایندەبینی تەرخان کردووە، هەر زوو وانەی فیوتچەرلۆجی بووە وانەی دەیـــان کـــۆلێژ و ئەکادیمیای سەربازی، کـــە لە بەشێکی تایبەت باسی دەکەم.

ئەم بـــواره زۆر پێویستە بۆ ئەوەی لە کـــاتی هاتنی چـــەند کارەساتێکدا بژاردەت هەبێ و خۆ لە کارەساتە گەورەکان لادەی، پشت بە ئامـــار و دەرەنجامی زانستی دەبەستێ، وە زیادەڕەوی زاڵبوونی ئێستا و دوێنێ لە بیر و هۆش و بڕیاردا، وا دەکا کۆمەڵگا و تاک چاوی بەیانی نەبینێ.

٤- فەیلەسوف و بەرهەمهێنەری فەرەنسی غاستون بیرجیە کە لە ساڵی ١٩٥٧ ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ ئایندەی پێشبینی کـــراوی کردەوە، لەو کاتە ئەم بواره ناونرا زانســـتی پێشەنگ -علم الریاده، prospestive، وە بەهـــەمـــان ناو گۆڤارێکی دەرکرد، مەبەستی بیرجیە لەم بواره گەیشتن بوو بە پەیڕەوێکی گشتگیرتا بتوانرێ هێڵە گشتیەکانی دیاری بکرێ، تا بکرێتە پەیڕەو بۆ ئـــەم جیهانەی کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا لـــە گۆڕانکاری بەردەوامدایە.

بییر ماسیه ی خوێندکاری بیرجیه له ساڵی ١٩٨٥ دا لیژنەیەکی پێکهێنا کە لەو چوارچێوەدا داهاتووی فەرەنسای لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کێشا.

٥- برتراند دي جوفینیل ی فەرەنسی ئاسۆیەکی جیهانی دایە ئایندەبینی (futuribles)، ئەم پرۆژەیەی بەپشتگیری دەزگای فوردی ئەمریکی ئەنجامدا، زۆرترین ڕێژەی زانایانی بواری ئایندەبینی کۆکردەوە، تا بتوانن وێنایەکی تەواو لە بارەی داهاتووی جیهانەوە دابڕێژن، پاشان لەگەڵ هێلینی خێزانی هاوبەندی ئایندەکانی نێودەوڵەتییان دامەزراند و ئێستا کۆڕەکەیان هیوگس سەرۆکایەتی ئەم دامەزراوە دەکا، وگۆڤاری ئایندەکانی لێ دەردەکرێ .

٦- لە ئەمریکا ئەم زانستە لە قاڵبێکی براگماتی دا ئاڕاستە کرا، دەزگای بۆشایی گەری ئەمریکی ئەم بوارەی لە خۆگرت، ئەم زانستە لە ژێر چاودێری دامەزراوەی سەربازیدا گەشەی کرد بۆ پەرەدان بە ستراتیژیە کان و چەکی پەرەسەندوو، جەنەڕاڵ (هـ.هـ. ارنولد)ی سەرۆکی چەکی ئاسمانی لەم بوارەدا کارگەی فکری دامەزراند، کە کۆمەڵێک داهێنەری تێدا هەڵکەوتن، وە (ثیودور فان کارمان)ڕۆڵێکی باڵای بینی و لە ڕاپۆرتی: بەرەو ئاسۆیەکی نوێ داوای دامەزراندنی مەڵبەندی پێشبینی تەکنەلۆژی کرد، پاش ئەم پرۆژەش، پرۆژەی پێشبینیەکانی هێزی ئاسمانی لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزراو کۆششی حەفتا دامەزراوەی لێکۆڵینەوە و بەرهەمی چل لیژنە و بیست و شەش زانکۆی کۆکردەوە، بەرهەمی ئەم پرۆژە چوارده موجەلەدی گەورە بوو لەبارەی تایبەتمەندیەکانی تەکنەلۆژیای هێزەکان کە دەتوانن پشتگیری

لە ساڵانی حەفتاکاندا ژمارەی مەڵبەندەکانی تۆڕینەوەی ئایندە لە ئەمریکا گەیشتە ٦٠٠ و لە ئەورۆپا ٣٠٠ مەڵبەند بوو

پێشکەش بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بکەن بۆ دوای ساڵانی ١٩٧٠.

٧- دامەزراوەی پێشەنگ وداهێنانەکانی زانا ئەولان هیلمرلە بواری بیرکاری و زانستەکان دا بوونە زەمینەی دروست بوونی فەلسەفەی تۆڕینەوە ئایندەییەکان بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای دلفی کە دەبێ بۆچوونی هەر شارەزایەک بێ ئاگاداری شارەزاکانی تر وەربگیرێ، پاشان هەموو ڕاکان بەراورد بکرێن.

بڵاوکراوەی ڕێخۆشکردن کە ئامۆژگای ئایندە لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوی کردەوە، ڕۆڵی سەرەکی ئەم ئامۆژگایە ئەوەبوو کە دەبێ واز لە بیرۆکەی حەتمیەتی یەک بژاردەی ئایندە بێنین، ئەمەش وەک دژایەتیەک بۆ بۆچوونی چەپەکان و باوەڕبوونیان بە حەتمیەتی ماددی و میژوویی و گەیشتن بە قۆناغی کۆمۆنی کۆتایی.

چونکە لە داهاتوودا چەندەها ئەگەر و پێشبینی جیاواز هەن، دەست تێوەردان و هەوڵی مرۆڤ لەو بوارە دەتوانێ حەتمیەت وبژاردەکان بگۆڕێ.

چەندین ئامۆژگا و لێژنەی تریش هەبوون لەو سەردەمەدا وەک ئامۆژگای هەدەسن کە پشتی بە دارشتن و وێناکردنی سیناریۆ جیاوازەکانی ئایندە دەبەست، ئەو بیرۆکانەی بڵاوەکردەوە کە کەس باسی نەکردوون، لەم پەیمانگایە ئەنتۆنی وینز لەساڵی ١٩٦٧دا جیهان لەساڵی ٢٠٠٠ی بڵاوکردەوە.

لە بواری کۆمەڵناسی زانای ئەو بوارە «دونالد. بن. مایکل»

کتێبی نەوەی نوێ و تێڕوانینە ئایندەییەکانی لاوانی ئەمڕۆ و سبەینێی بڵاوکردەوە.

٨- لە ساڵانی حەفتاکاندا ژمارەی مەڵبەندەکانی تویژینەوەی ئایندە لە ئەمریکا گەیشتە ٦٠٠ و لە ئەورووپا ٣٠٠ مەڵبەند بوو.

ئەم مەڵبەندانە بەگشتی چوار ئاڕاستەیان هەیە:

ئاڕاستەی یەکەم: خاوەنی ئەم بواڕە گرنگی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەدا وەک ژمارەی دانیشتوان و گۆڕانکاری نیشتەجێ بوون و گۆڕانی داهات و هاوردەکان.

ئاڕاستەی دووەم: پێیان وایە کە هەواڵە ئایندەکان و پێشبینیەکان دەبنە پێشەکی و دەرەنجامەکانیان لەسەر بنیات دەنرێ، ئەمە لەبەرەی دەوڵەتە سوشیالیستەکان پەیڕەو دەکرا.

ئاڕاستەی سێیەم: ئاڕاستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی.

ئاڕاستەی چوارەم: ئەم ئاڕاستەیە، شڕۆڤەکردنی ئایندە کە چەند ئەگەرێک بۆ داهاتوو لە پێش خۆیان دادەنێن و بەپێی ڕووداوە واقیعەکانی ڕۆژانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن.

٩- پێشکەشکردنی ئەم جۆرە تویژینەوانە لە لای وڵاتە عەرەبیەکان زۆر دواکەوت، یەکەم لێکۆڵینەوەی ئایندەبینی لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی بوو بەناوی داهاتووی نیشتمانی عەرەب لە ساڵی ٢٠٠٠دا، کە لێکۆڵینەوەی لیژنەیەک ڕۆشنبیر بوو کە ئەنتوان زەحلان سەرۆکایەتی دەکردن، ئەمانە بەم بیرۆکەیە دەستیان پێ کرد: ئەگەر عەرەب نەخشەی داهاتووی خۆیان نەکێشن، ئەوە گەلانی تر نەخشەی داهاتوویان بۆ دەکێشن.

هەرواش بوو، بۆیە ئێستا داهاتی تاک لەو وڵاتانەی نەخشەی داهاتووی وڵاتەکانیان زوو کێشاوە و بوژاونەوە شەست

جار زیاتره لەو وڵات و گەلانەی دڵە ڕاوکێ ڕوحی داهێنان هیچ گرنگیەکیان بە خوێندنەوەی دەکوژێ.
ئایندەی خۆیان نەداوە.

وڵاتە زلهێزەکان، نەخشەی دە ساڵی و پازدە ساڵی بۆ وڵاتەکانیان لە گشت بوارەکان دادەنێن،

ئەم بوارە لە منداڵدانی ئەدەب وبەتایبەت ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی لەدایک بوو، کاتێ ڕۆمان نووسانی بەریتانیا داوای دامەزراندنی وەزارەتی داهاتویان دەکرد و وەزارەتی تایبەتی کاروباری ئایندەیان وێناکردبوو، گۆڤاری سبەینێ یان دەردەکرد.

ئەم بوارە پێویستی بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە، ئەو کۆمەڵگایەی تاک تیایدا نەتوانێ بۆچوون و خەونەکانی بە ئازادی دەربڕێ و بۆ دەستە و حزب و ئایدۆلۆژیەک پێویستی بە کلکە لەقێ و ماستاو کردن بێ، ناتوانێ لە خوێندنەوەی ئایندەدا ڕاستگۆ و سەرکەوتوو بێ، چونکە فشار کردن و ترس و

ــ ماویەتی ــ

پڕۆفایل:

* محمد عزیز علی رسول لۆتەری، لەدایکبووی:١-٧-١٩٧٤ گوندی لۆتەر/ ناوچەی بنگرد/ قەزای ڕانیە/ پارێزگای سلێمانی.

* دبلۆم لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر/ بەشی زمانی ئینگلیزی/ ١٩٩٢-١٩٩٣.

* بەکالۆریۆس لە زانکۆی دهۆک/ کۆلێژی شەریعەوخوێندنی ئیسلامی/ بەشی شەریعە/١٩٩٧-١٩٩٨.

* هەوڵدان بۆ خوێندنی ماستەر لە پەیمانگای باڵای دادگەری سەر بە زانکۆی محمد سعود لە ڕیازی پایتەختی شانشینی سعودی لەساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٧ بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت تەواوی نەکردووە.

* ئێستا لە ڕانیە دادەنیشێت.

دیدگای ژان پۆل سارتەر بۆ ئازادی

هەردی ئەنوەر

سارتەر بەیەکێك لەفەیلەسووفە دیارەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی دادەنرێ...

ئازادی زاراوەیەکە کە نەك تەنیا بە باشی هەستی پێنەکراوە بەڵکو زۆرجار بە نارەوا لەهەندێ شوێن سوودی لێوەرگیراوە، بەتایبەت بەلای کەمەوە لەدوای شۆڕشی فەرەنسی بووە بە یەکێك لە دیاردە فەلسەفیەکان کە بۆتە جێگەی مشتومڕی سیاسەت... یەکێك لەو فەیلەسووفانەی فەرەنسا کە ئەدەبیاتی فەرەنسا شانازی پێوە دەکات، ژان پۆل سارتەرە، سارتەر ساڵی (١٩٠٥) لە پاریس لە دایك بووە، ساڵی (١٩٠٦) باوکی لەدەست ئەدات، دایکی لەبەر نەبوونی ڕووئەکاتە ماڵی باوکی خۆی، لەدوای ساڵی (١٩٢٠) لە قوتابخانەی (هانری چوارەم) دەست بە خوێندنی ناوەندی دەکات.

لە ئەڵمانیا دەست بە خوێندنی فەلسەفە دەکات، پاش داگیرکردنی ئەڵمانیای نازی بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە فەرەنسا و دژی داگیرکەر دەجەنگێ.

سارتەر کاتژمێر (٩)ی شەو لە (١٥)ی ئاوریلی (١٩٨٠) لە تەمەنی (٨٥) ساڵی لە نەخۆشخانەی بووسەی پاریس کۆچی دوایی دەکات.

ڤۆلتێری فەیلەسوف وەك ڕۆشنگەری سەردەمی خۆی، وەك

سارتەر بڕوای وابوو پێشکەوتنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە سڕینەوەی خواو مردن، بە پێچەوانەوە (مارسل) بڕوای وابوو خوا بوونێکی باڵای هەیە جگە لەو وەك ڕزگارکەر پووچ و بێ مانایە

تەنزێك وتەیەکی هەیە، دەڵێت: ئەگەر خوا بوونی نەبێ، کەسێك دەبێ بیخولقێنێ! بەڵام سەبارەت بە سارتەر بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە، بە ڕای ساتەر تەنانەت خوا بوونیشی هەبێ ئەبێ لە بەین ببرێ، تا وەکو ئیمکانی ئازادی مرۆڤ وەدست بێ، لە بەرامبەردا دۆستۆیسکی نووسەری بەناوبانگی ڕوسیا دەڵێت: ئەگەر خوا بوونی نەبێ، هەرچی هەیە ڕێپێدراو دەبێ، بەڵام سارتەر ئەم لێکدانەوەیە بەشێوەی ڕادیکالانە بەگۆڕینی ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: تەنیا کاتێ کە خوا بوونی نەبێ مرۆڤ ئازادە.

سارتەر لەبنەڕەتدا بڕوای بە ئایدۆلۆجی نیە، بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی تر دەڵێت: ئازادی مرۆڤ و ئایدۆلۆجی یەکناگرنەوە... فەلسەفەی سارتەر لەسەر ئازادی بنیاتنراوە، بەڵام بە بڕوای ئەو ئازادی جەوهەری مرۆڤ نیە بەڵکو ئازادی شتێکە کە مرۆڤ ڕێگای بۆ دەکاتەوە تاوەکو ماهییەتی خۆی بەدەست بێنێ.

پاش ئەوە هێواش هێواش ئەتوانێ پێناسەی خۆی دەست بکەوێ، هێزێکە ئەتوانێ مرۆڤ دونیای پێ بگۆڕێ، جگە لەوە سارتەر بڕوای وابوو پێشکەوتنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە سڕینەوەی خواو مردن، بە پێچەوانەوە (مارسل) بڕوای وابوو خوا بوونێکی باڵای هەیە جگە لەو وەك ڕزگارکەر پووچ و

بێ مانایە.

سارتەر ڕای وایە کە مرۆڤ مەحکومە بەوەی خۆی نەخوڵقاندووە و دروستکەری خۆی نیە، لەهەمان کاتدا ئازادە، بەڵام بەرپرسە بەرامبەر هەموو ئەو کارانەی لەم جیهانەدا دەیکات و ئەنجامی دەدات.

سارتەر ئەوەندە بڕوای بەئازادی هەیە، دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر لە ژینگەیەکدا پەروەردە بێ کە خۆی دروستکەری نەبێ و منداڵی هەژاری و نەداری، گەندەڵی و کۆت و بەند و بەندیخانە هەموو لەناو ئەوا بەسەر بردبێ... دەتوانێ بە کردارێکی خۆی هەرچی ئەم ئازارانە هەیە تێکی بشکێنێ و ئەوەی خۆی دەیەوێ، بیەوێ و بەدەستی بهێنێ.

سارتەر بڕوای وابوو کە مرۆڤەکان لە ڕەنجێکی بەردەوامدا دەژین، نەك لەبەر ئەوەی ژیان ڕەنجهێنەرە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە (ئێمە مەحکومین بە ئازادی).

سارتەر ڕای وایە هەر هەڵبژاردنێك کە ئێمە هەڵیدەبژێرین، پێناسەمان دەکات، جگە لەوە چۆنیەتی وێنامان و دیدگامان بۆ مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون نیشان ئەدات.

سەرچاوەکان:

١. iraketa.ir

٢. ڕادیۆی مردا

٣. ical.ir

٤. virgil.io

٥. civilica.com

٦. پەڕەی فەرمی (DW.com)

پرۆفایل:

هەردی ئەنوەر فەقێ سالّح

* نووسەر و وەرگێڕ.

* لەدایك بووی ١٩٨٥.

* بڕوانامەی پەیمانگـــای پزیشکی هەولێر / بەشی دەرمانخانە.

* بڕوانامەی بەکالـــۆریۆس لە کۆلێژی ئیمام ئـــەعزەم / بەغـــدا.

* وەرگێڕی چەندین پەرتووك.

مەراسیمی وەفا
بۆ کۆچی پ.ی.م. سەلام ناوخۆش

د. ئیدریس کاریتانی ڕێکخەری مەراسیمی وەفا

بە مەبەستی دەربڕینی سۆز و وەفا بۆ زانا و نووسەری بەناوباگی کورد، مامۆستای پڕۆفیسۆر مامۆستا سەلام ناوخۆش، هەروەها ناساندنی کەسایەتی مامۆستا و نووسراوەکانی لە بواڕە جیاوازەکانی فکر و ئاین و ڕۆشنبیری و میژوو و زمان، دەزگای ڕۆناکی بە سپۆنسەری کەنالی بەها مەراسیمێکی وەفای بۆ مامۆستا ڕێکخست، لەم مەراسیمەدا ژیاننامەی مامۆستا و ناوی تەواوی بەرهەمە جیاوازەکانی لە ڕێی داتاشۆوە پێشانی ئامادەبووان درا، هەروەها بنەماڵەی مامۆستا سەلام، مامۆستا حسن ناوخۆش وتەی بەخێرهاتن و دەست خۆشی پێشکەش کرد، لەپاشان وتارێك لەلایەن د. ئیدریس کاریتانی پێشکەشکرا لەسەر هەڵۆێست وەرگرتن لە دوو مەدرەسەی گرنگی ژیانی مامۆستا ناوخۆش (مەدرەسەی خۆڕاگری، ئیمانی)،

د.عوسمان عەلی کە دۆستاتیەکەی لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، باسی کەسایەتی مامۆستا ناوخۆشی کرد، وەك؛ زانایەکی سەردەمی زێڕینی ئیسلامی وەسفی کرد، هەروەها بەمسعود محمدی سەردەمی ناو برد

لە دواییدا وتارەکان دابەشکران بەسەر دۆست و مامۆستا و دکتۆرە بەڕێزە نزیك و خۆشەویستەکانی مامۆستا ناوخۆش، لەبەر هەمەلایەنی زانستی و فکری مامۆستا هەر دکتۆرێك تیشکی خستە سەر لایەنێکی ژیانی زانستی و فکری مامۆستا ناوخۆش. سەرەتا د. عوسمان عەلی کە دۆستاتیەکەی لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، باسی کەسایەتی مامۆستا ناوخۆشی کرد، وەك؛ زانایەکی سەردەمی زێڕینی ئیسلامی وەسفی کرد، هەروەها بە مسعود محمدی سەردەمی ناو برد لە ڕوی ئەدەب و نووسینەوە.

پاشان دکتۆر عەبدولحەکیم بە درێژی باسی توانای مامۆستا ناوخۆشی کرد لە ڕوی توانای مێژوییەوە، خزمەتی لەم بوارەوە. دواتر وتارێك لە لایەن دکتۆر فوئاد لە ئەورۆپاوە بەڕێگەی تۆمار پێشکەش کرا لەڕووی زمانەوە. دواتر بەڕێز دکتۆر عومەر پەتی وەك دۆست و هاوپیشەی لە پەیمانگا، باسی خزمەتەکانی مامۆستا ناوخۆشی کرد بۆ کورد و کوردستان. دواتر بەڕێز مامۆستا هەمزە عەباس وەك پێداچوونەوەی بەرهەمی پەروەردەیی مامۆستا ناوخۆش باسی دوا مەقالەی کرد کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە لەلای ئەوە بۆ پێداچوونەوەی.

لە کۆتاییدا بەڕێز مامۆستا موخلیس خاوەنی نووسینگەی تەفسیر باسی چۆنیەتی چاپکردنی کتێبەکانی مامۆستای کرد، بەم شێوازە مەراسیمەکە بەڕێوەچوو..

نەتوانرا توانای مامۆستا ناوخۆش لەم یاد و مەراسیمە بە تەواوی بخرێتە ڕوو، لەوێوە بەشێك لەبەشداربووان گوتیان ئێستا دەزانین مامۆستا چەند پیاوێکی گەورە بوو. شایەنی باسە زیاتر لە ٧٠ کەسایەتی و دکتۆر و مامۆستای ئاینی و مامۆستای زانکۆ و نووسەرو ڕۆشنبیر بەشداری مەراسیمەکە بوون.

کورتەیەک لە ژیاننامەی سەلام ناوخۆش:

ناوی (سەلام ناوخۆش بەکر ناوخۆش)ە، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی «زێبارۆك»ی سەر بە قەزای شەقڵاوە سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە.

ساڵی ١٩٦٩ ڕوویان کردۆتە شاری هەولێر، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی زاگرۆس و مەولەوی تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی قوتەیبیە و ئامادەیی لە هەڵمەتی کوڕان خوێندووە.

ساڵی ١٩٨٥ لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی یادابی زانکۆی سەڵاحەدین وەردەگیرێت و ساڵی ١٩٩٠ تەواوی دەکات و بە مامۆستا دامەزراوە لە وەزارەتی پەروەردە.

ساڵی ١٩٩٣ بۆ خوێندنی ماجستێر وەرگیراوە لە زانکۆی سەڵاحەدین لە زمانی ئینگلیزیدا و ساڵی ١٩٩٦ موناقەشەی بەحسەکەی کراوە. لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٦ چووەتە زانکۆی دهۆك و لەقەبی زانستی

سەرۆکی ڕێکخراوی (زمانناسی کوردی) بووە و خاوەن ئیمتیازی یەکەم گۆڤاری تایبەت بە زمانی کوردی (زمانناسی) بووە کە ١٧ ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوی (زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی) بووە

مامۆستای یاریدەدەری وەرگرتووە و بە مامۆستای ئینگلیزی دامەزراوە و لە کۆلێژی ئاداب زمانی ئینگلیزی و لە کۆلێژی شەریعە سیرەی بە زمانی ئینگلیزی وتووەتەوە.

ساڵی ١٩٩٩ لەقەبی زانستی مامۆستای وەرگرتووە و لەو زانکۆیە و لەوێ بەردەوام بووە تا ساڵی ٢٠٠٣ چووەتە زانکۆی سەڵاحەدین و لە ساڵی ٢٠٠٦ لەقەبی پرۆفیسۆری یاریدەدەری پێدراوە و لەو کاتەوە تا پێش کۆچی دوایی مامۆستا بووە لە بەشی ئینگلیزی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەڵاحەدین.

لەزانکۆکانی شارەکانی کوردستان وانەی وتۆتەوە و سەرپەرشتی و تاوتوێی چەندین نامەی ماجستێری کردووە.

سەرۆکی ڕێکخراوی (زمانناسی کوردی) بووە و خاوەن ئیمتیازی یەکەم گۆڤاری تایبەت بە زمانی کوردی (زمانناسی) بووە کە ١٧ ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوی (زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی) بووە.



کتێبەکانی:

أ-فەرهەنگ:

١. فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، کوردی- ئینگلیزی .

٢. فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ، سۆرانی - بادینی- ئینگلیزی.

٣. فەرهەنگی سیدرا، کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی.

٤. فەرهەنگی هیوا، ئینگلیزی- کوردی.

٥. فەرهەنگی هەراشان، بە هاوبەشی لەگەڵ: د. کوردستان موکریانی.

٦. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بە هاوبەشی لەگەڵ: د. مارف خەزنەدار.

٧. فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش.

٨. فەرهەنگی یاسایی ئۆکسفۆرد.

٩. فەرهەنگی کارگێڕی، بە هاوبەشی لەگەڵ: د. شەفیق و جەمال عەبدول.

١٠. فەرهەنگی هەزە، بە هاوبەشی لەگەڵ: د. کوردستان موکریانی.

ب- زمانناسی:

١. زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی.

